# گەندەڵی ئابووری و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی

## توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجییە

**م.سەنگەر حسام عبدللة**

بەشـــی کۆمەڵنـاســـی کۆلێجی زانســـتە مرۆڤیەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

Sangar.abdulla@univsul.edu.iq

**م.عمر علی احمد**

بەشـــی کۆمەڵنـاســـی کۆلێجی زانســـتە مرۆڤیەتییەکان، زانکۆی سلێمانی.

omer.ahmed@univsul.edu.iq

ڕێکەوتی وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٤\٦\١٣

ڕێکەوتی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٤\٧\١١

**پێشەکی**

دیاردەی گەندەڵی ڕەگ و ڕیشەی قوڵی لە پانتایی ژیانی مرۆڤدا هەیە، بەهۆی مامەڵە و کارکردنی تاکەکانی کۆمەڵگا لەگەڵ یەکتر سەریهەڵداوە. گەر تێگەشتنێکی گشتی لەسەر چەمکی گەندەڵی ئابووری بخەینەڕوو، ئەوا دەتوانین بڵێین پرۆسەیەکی خراپ بەکارهاتووە و تێدا بەژەوەندی تایبەتی پێش بەرژەوەندی گشتی خراوە، یاخود پرۆسەیەکە بەدەرە لە ڕێڕەوی ئاسای و یاسایی خۆی و بەسوودی کەسی و تایبەتی کۆتای دێت. سەرەڕای جیاوازی جۆر و هۆکارەکان و تێگەشتن بەپێی کۆمەڵگاکان، دواجار دەبینین خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو کۆمەڵگایانە هەیە و بەمەترسی گەورە تەماشای دەکەن و، وەك دیاردەیەکی ترسناك مامەڵەی لەگەڵ دەکەن کە ناکرێت نادیدە سەیر بکرێت.

بەوپێیەی ئەم دیاردەیە تەنها لەسەر ئاستی لۆکاڵی کۆمەڵگاکان نامێنێتەوە، بەڵکو پەلوپۆی بۆ وڵاتانی دیکە دەهاوێ و ڕەهەندی نێودەوڵەتیشی هەیە و هەندێك لە جۆرەکانی بەتەواوەتی وابەستەی دەرەوەی سنورەکانە . جیالەوەش دەتوانرێت بوترێت ئەوەی لە کۆمەڵی کوردیدا هەیە بەتەنها گەندەڵی ئابووری نییە، تاکو درك بە لێکەوتەکانی بکرێت، بەڵکو گەندەڵی لە کۆمەڵگای کوردییدا فرە ڕەهەندە و فرە شوناسە و، هەر بۆیە لێکەوتەکانیشی فرە و هەمەچەشن و لە چەندیین لاوە کاریگەریی نەرێنی بەجێدەهێڵن. ڕەنگە پرسیارەکە ئەوەبێت بۆچی بابەتێکی لەو جۆرەمان بۆ توێژینەوە هەڵبژاردووە، ڕەنگە بە تەنها هاوڵاتیبوونمان لە عێراق و هەرێمی کوردستان بۆ خۆی وەڵامدەرەوەی ئەو پرسیارەبێت چونکە ئێمە لەناو کۆمەڵگایەك دەژین کە لەپلەکانی خوارەوەیە لەڕووی شەفافیەتەوە و لە لە پلەکانی سەرەوەیە لە لیستی گەندەڵییدا.

ئەم توێژینەوەیە لە دوو بەش پێکهاتووە، کە هەریەک لە لایەنی تیۆریی توێژینەوەکە و لایەنی مەیدانی توێژینەوەکەیە. هەرچی بەشی یەکەمە لە دوو باس پێکهاتووە و باسی یەکەم بۆ زەمینەی تیۆریی و توخمەکانی توێژینەوە و سنووری توێژینەوەکە تەرخانکراوە. هەرچی باسی دووەمە تایبەتە (بە چەمکی گەندەڵی، پۆلێنبەندی و جۆرەکانی، هۆکار و پاڵنەرەکانی گەندەڵی، تیۆری شیکاریی گەندەڵی و لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی و ستراتیژی پێشنیازکراوی چارەسەرییە).

بەشی دووەمی توێژینەوەکە لایەنی مەیدانییە، هەریەک لە کۆمەڵگە و نموونەی توێژنەوەکە، ئامرازەکانی کۆکردنەوەی زانیاری، میتۆدی توێژینەوە، خستنەڕووی تەوەرەکانی پرسیاری چاوپێکەوتنەکە و پاشان ڕاڤەکردنیان و دەرهێنانی دەرئەنجام لەخۆدەگرێت. دواتر لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

**بەشی یەکەم**

**چوارچێوەی گشتی و زەمینەی تیۆریی**

**باسی یەکەم/ توخمە سەرەکییەکانی توێژینەوەکە**

**یەکەم/کێشەی توێژینەوەکە:** گەندەڵی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری جیهانییە و سنوری دەوڵەتەکان تێدەپەڕێنێت. هەرچەندە ئەوەی مەبەستە لەم توێژینەوەدا، گەندەڵی ئابوورییە، چونکە بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی شەفافیەتی جیهانی، ئەو زیانەی بەر ئابووری جیهان دەکەوێت بەهۆی گەندەڵییەوە بەهەموو جۆرەکانییەوە، ساڵانە نزیکەی (٤٠٠)ملیار دۆلارە (أبو سكين، ٢٠١٥: ١٤٩). هاوکات گەندەڵی ئابووری بەجۆرێک بەرۆکی عێراق و هەرێمی کوردستانی گرتووەتەوە، کە کاریگەریی نەرێنی لەسەر کۆی سیستمەکانی دیکە دروستکردووە. لەم بارەوە و بەگوێرەی داتاکانی ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی، عێراق بە هەرێمی کوردستانیشەوە، لە کۆی(١٨٠) وڵات، لە پلەی( ١٥٧) دێت، واتە دەیەم گەندەڵترین وڵاتی جیهانە (زوبێر،٢٠٢٢). جیالەوەش بە گوێرەی ڕاپۆرتی دەستەی دەستپاکی لە هەرێمی کوردستاندا کەیسی گەندەڵی زیادیکردووە، بەجۆرێک، لە سەرەتای ئەمساڵەوە تاوەکو ئێستا (١٠١٠)کەیسی گەندەڵی لەژێر لێکۆڵینەوەدان. هاوکات لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوودا، ( ٨٩٧ ) کەیسی گەندەڵی ئاڕاستەی دادگاکان کراوە و لە کۆی ئەو کەیسانە،(١٤٨) تاوانبار سزایان وەرگرتووە (قەڵەم،٢٠٢٣).

ئێمە لەم هەرێمەدا، چ وەکو هاوڵاتی چ وەکو توێژەر، ڕۆژانە بەر ئەم دیاردەیە دەکەوین و هەر ئەمەشە وایکردووە توێژەرەکان چەند پرسیارێکیان لا دروست ببێت و ببێتە هەوێنی بابەتی ئەم توێژینەوەیە. پرسیارە سەرەکییەکە ئەوەیە، ئایا لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی گەندەڵی ئابووری چیین؟ لێرەوە چەند پرسیارێکی لاوەکی وەک کێشەی توێژینەوە دەخەینەڕوو: ئایا جۆرەکانی گەندەڵی ئابووری لە کۆمەڵگای ئێمەدا، جۆرێکی تایبەتی هەیە یان لەژێر پلەبەندی جۆرەکاندا لەهەموو ڕوویەکەوە هاوشێوەی بەدیدەکرێت؟ ئایا هۆکار و پاڵنەرەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی گەندەڵی ئابووری چیین ؟ دواتر ئایا ستراتیژی پێشنیازکراو بۆ سنووردارکردنی ئەم دیاردەیە چییە؟.

**دووەم/ گرنگی توێژینەوەکە**

**گرنگی تیۆریی:** دیاردەی گەندەڵی ئابووری سەرچاوەیە بۆ کلۆربوون و گەندەڵبوونی سیستەمەکانی تری کۆمەڵگە، بۆیە ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەم بوارەدا، بایەخ و گرنگی خۆی هەیە. هاوکات دەکرێت وەکو سەرچاوەیەکی زانستی سوود لەم توێژینەوە ببینرێت بۆ نووسینەکانی دواتر بە تایبەت ئەکادیمی و توێژەرەکان. هەروەها ئەم توێژینەوەیە گرنگە چونکە دەربارەی پرسێکی گرنگ و کاریگەر داتا و زانیاری کۆکردۆتەوە و لە هۆکاری گەندەڵی ئابووری و جۆرەکانی و کاریگەرییەکانی لەسەر کۆمەڵگەی کوردی کۆڵیوەتەوە، هەربۆیە دەبێتە سەرچاوەیەک بۆسەر خەرمانی کتێبخانەی کوردی.

گرنگی پراکتیکی: دەکرێت لە ڕێگەی ئەو پێشنیازانەی دەیخاتەڕوو لایەنی پەیوەندیدار و دەزگاکان لێی سوودمەندبن، و بە ڕاسپاردەکانی کار بکەن. جگەلەوەش ئەم توێژینەوە ستراتیژی پێشنیازکراو بۆ سنووردارکردنی دیاردەی گەندەڵی ئابووری دەخاتە ڕوو، ئەمەش وەکو هەوڵێکی زانستی بۆ کەمکردنەوەی دیاردەکە گرنگە.

**سێیەم/ ئامانجی توێژینەوەکە**

* زانینی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی گەندڵی ئابوورییە لەسەر کۆمەڵگەی کوردی.

* دەرخستنی جۆر و شێواز و هۆکار و پاڵنەرەکانی گەندەڵی ئابورییە لە هەرێمی کوردستان.

*خستنەڕەووی ستراتیژی پێشنیارکراوە، بۆ سنووردارکردنی دیاردەی گەندەڵی ئابووری.

**چوارەم/ سنوری توێژینەوەکە**

**سنوری مرۆیی:** پێکهاتووە لە و لێتوێژراوانەی کە چاوپێکەوتنیان لەگەڵدا ئەنجامدراوە، وەک لە پاشکۆی (١)دا روون کراوەتەوە.

**سنوری بابەتی:** بابەتی توێینەوەکە کارکردنە لەسەر خستنەڕوو، شیکارکردنی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەی گەندەڵی ئابووری لەجیهاندا بەگشتی و تیشکخستنە سەر کۆمەڵگەی کوردی بە تایبەتی.

**سنوری جوگرافی:** شاری سلێمانییە.

**سنوری کاتی:** ساڵی خوێندنی( ٢٠٢٣-٢٠٢٤).

**باسی دووەم/ گەندەڵی ئابووریی و پۆلێنبەندییەکانی**

**یەکەم/ چەمکی گەندەڵی:** ئەم چەمکەلە فەرهەنگی زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بەدیدەکرێت و لەڕووی زاراوەیی و زمانەوانییەوە پێناسە دەکرێت. لە زمانی کوردیدا، لە فەرهەنگی (شارا) و (ژیر) بەرانبەر چەمکی " فساد " عەرەبی وشەی " گەندەڵی، ستەم، ماڵ بردن، خراپە و تاوان" هاتووە (جەبار: ٢٠٠٧: ٥٣٢). هاوکات لە زمانی فەرەنسیدا ( la corruption ) چەندیین هاوواتای هەیە وەك: بەفیرۆدان، بەدکردار، خراپەکار، تەمومژ، لەخشتەبردن و بەڕێلادابردن، ملکەچی و ڕسوای (بوسعیود: ٢٠١٣: ١٤). زیادلەوەش فەرهەنگی ئۆکسفۆرد چەمکی (Corruption) بە واتای

شیبوونەوەی کەرەستەی سروشتی، گەندەڵی ئاکاری، گەندەڵی کۆمەڵایەتی و ئابووریی ناوزەد کردووە ( الجمل،٢٠١٤: ٥٢٣ ) هەروەها لە زمانی عەرەبیدا بە شێواز و لێکدانەوەی جیاواز خراوەتەڕوو، وەکو (الفساد) کە بەواتای ( العطب) - لەناوچوو و تەلەف -خراپوو و دەرچونی شتێك لە ڕێرەوی خۆی) دێت (الغانمي، ٢٠٠٣: ٧).

**پێناسەی ڕێکخراوی شەفافیەتی نیودەوڵەتی:** بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی ئەو دەسەڵاتەی پێتسپێردراوە، بۆ بەرژەوەندی کەسی و تایبەتی بەکاری بهێنیت (سولیفان،٢٠٠٨: ٦).

**پێناسەی بانکی نێودەوڵەتی:** ئاماژە بەوەدەکات کە گەندەڵی " خراپ بەکارهێنانی ئەرکی گشتییە بۆ دەستکەوتی تایبەتی" (حسێن، ٢٠٢٠: ٩).

**پێناسەی ساموێل هانتینگتۆن:** هەڵسوکەوتی فەرمانبەرانی حکومەتە، کە لە یاسا پەسەندکراوەکان لادەدەن بۆ خزمەتکردنی ئامانجە تایبەتییەکان، هەروەها خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتە بۆ قازانجی تایبەتی(حمید،٢٠١٩: ٣٩١).

**پێناسەی جابریی:** گەندەڵی ئابووری بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی پیشە و پێگەی گشتی بۆ دەستخستنی سوودی تایبەتیی (الجابر، ٢٠٠٣: ٨).

**پێناسەی (ڕۆز ئەکرمان :Rose Ackerman ):** بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ بەدەستهێنانی دەسکەوتی تایبەتی یان سیاسی . داننان بە ( خراپ بەکارهێنان ) پێویستە لەڕووی هەندێ پێوەرەوە پێناسە بکرێت چونکە زۆرێك لە ڕووکارەکانی گەندەڵی چوارچێوەی ئەم پێناسەیەدا لەزۆربەی وڵاتاندا نایاساییین بۆنمونە پارەدان و بەرتیل و فێڵ و دزی (حسێن، ٢٠٢٠: ١١).

لەلایەکی ترەوە لە ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتییەکاندا، ئەم پرۆسە و مامەڵەیە (گەندەڵی) یاساغ کراوە، وەکو دەبینین لە ڕێکەوتنی نەتەوە یەکگرتوەکان لە بەندی هەشتەم کە لە ڕێکەوتی ( ١٥ / ١١ / ٢٠٠٠ ) هاتووە، ئاماژە بۆ بەتاوان ناساندنی گەندەڵی یان هەر کارێکی تری تاوانکاری کە بەمەبەست ئەنجامبدرێت، بەمشێوەیە، کراوە: بەڵێندان بە فەرمانبەری گشتی بە پاداشتێک کە شایستەی نەبێت یان بۆی بخرێتەڕوو یان خەڵات و بەخشینێ ئاراستە بکرێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، جا لە پێناو بەرژەوەندی فەرمانبەرەکە یان کەسێکی تر یان هەر دەستە و دامەزراوەیەك بێت، کە وابکات فەرمانبەرەکە بەو کارە هەستێت و لەچوارچیوەی ئەرکە فەرمیەکەیدا کاری لەسەر بکات.زیاد لەوەش بەرکەوتنی فەرمانبەری گشتی یان ڕەزامەندی دەربرینی بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەسەر پاداشتێک،کە شایستەی نەبێت بۆ بەرژەوەندی فەرمانبەرەکە یان کەسانی تر . کەواتە گەندەڵی ئابووری: ئەو ڕەفتارەیە لەلایەن خاوەن خزمەتگوزاییە گشتی و تایبەتەکانەوە پەیرەو دەکرێت، کە ڕێگەیانداوە زیان بەر بونیاتی ئابووری وڵات بکەوێت، بەهۆی بەفیڕۆدانی داهاتی ئابووری یان قورسای زۆر لەسەر بودجەی گشتی یان دابەزینی تواناى چالاکی ئابووری یان خراپ دابەشکردنی داهاتەکان دروستکردووە، بەمەبەستی دەسکەوتی مادی و نامادی بۆ کەسەکە لەسەر بەرژەوەندی گشتی (کناي، ٢٠١٣: ٩-١١).

sjh@univsul.edu.iq
SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

**گەندەڵی ئابووری:** بریتییە لە ڕەفتارێکی نایاسایی وەک بەفیڕۆدانی سامانی گشتی و کاری دەلاڵی لە پرۆژەکاندا. هاوکات هەموو لادانێک و پێشێلکردنێکی یاسای و ڕێسا داراییەکان دەگرێتەوە، کە هەموو کاروبارێکی دارایی و کارگێری دەوڵەت و دامودەزگانی ڕێکدەخەن، هەروەها دەتوانرێت بوترێت پێشێلکردنی ڕێنماییەکانی دەزگاکانی چاودێری داراییش دەگرێتەوە، جگە لەوانەش هەریەک لە مامەڵەی چەک، بڵاوبوونەوەی تاوانی ڕێکخراو، خۆدزینەوە لە باج و گومرگ، پشتگوێخستنی دارایی و بەهەدەردانی پارەی گشتی، دەگرێتەوە (الفتلی٢٠٠٩: ٩-، ١٣).

**دووەم/ گەندەڵی ئابووریی جۆر و پۆلێنبەندییەکانی**

**١. گەندەڵی بەپێی لایەنی بەشداربوو لە مامەڵەکەدا:** گەندەڵی ناوخۆی: ئەو کارەیە کە کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك پێی هەڵدەستن لەناو ئەو دامەزراوەی کە کاری تێدا دەکەن. **هەروەها گەندەڵی دەرەکی:** ئەمجۆرە زیاتر ناسراو و بەربڵاوە، بەوپێیەی کە زیاتر لەلایەنێك تێیدا بەشدارن لە ناوخۆ و دەروەی دامەزراوەکە.

**٢.بەپێی ڕێژەی ڕێرەوی گەندەڵی لە کۆمەڵگا:** گەندەڵی بچوك: ئەو جۆرەیە کەلەسەر ئاستی ئەرکە بچوکەکان ڕوودەدات، **گەندەڵی گەورە ( گشتگیر ):** ئەوجۆرەیە کە لەسەر ئاستی ئەرکە باڵاکان و بەرپرسە گەورەکان ڕوودەدات.

**٣. گەندەڵی بەپێی ڕێژەی ڕێکخستن :گەندەڵی ڕێکخراو:** ئەو جۆرە گەندەڵیەیە، کە لەناو دام ودەزگا جیاوازەکاندا بەدیدەکرێت، بەهۆی ڕێکار و ڕێکخستنی پێشوەختە، بەڵام **گەندەڵی هەڕەمەکی**: پێدانی بەرتیلی تێدەکەوێت بەبێ ڕێکخستنی پێشوەختە.

**٤. گەندەڵی بەپێی جۆری ئەو کەرتەی کە تێیدا ئەنجام دەدرێ :** کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتی.

**٥. گەندەڵی لەڕوانگەی چوارچێوەی جوگرافی:** گەندەڵی ناوخۆی و گەندەڵی نێودەوڵەتی.

**٦. گەندەڵی لەڕوانگەی ئاستەوە:** گەندەڵی لوتکە وەک گەندەڵی سەرۆك و بەڕێوەبەر و بەرپرسی یەکەم هەروەها گەندەڵی دامەزراوەیی تەواوی دام و دەزگاکان دەگرێتەوە.

جیالەوانەش شێوەکانی گەندەڵی ئابووری جۆراوجۆرە، بۆیە ناتوانرێت بە یەکجاری لە چوارچێوەیەکدا کورت بکرێتەوە، چونکە گەندەڵی جیاوازە بەپێی جیاوازی ئەو لایەنەی پێهەڵدەستێ و ئەو لایەنی کە سودی لێدەبینێت.. بەگشتی دەتوانرێت شێوە و دەرکەوتەکانی گەندەڵی ئابووری بەمشێوە بخرێتەڕوو: (بەرتیل، بەلاڕێدابردنی باج، بەلاڕێدابردنی گومرکی، سپیکردنەوەی شت ومەك، بازرگانی چەك، واسیتە و مەحسوبیەت (بوسعیود: ٢٠١٣: ١٩-٢٤).

لە خستنەڕووی چەمکی گەندەڵی لەڕووی زمان و زاروەوە، دیدگا و تێڕوانیی جیاواز و هابەش بەدیدەکەین،کە بۆ هەڵسەنگاندی ئەو دیاردەیە کە لەفۆرم و شێوزای جۆرارجۆردا بەدیدەکرێت، بەڵام بەگشتی چەند خاڵێك لەم ڕوەوە دەخەینەڕوو:

١. لە زۆربەی کەلتور و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا، ئەم چەمکە وەکو ناو و وەکو وەسفکردن بۆ پرۆسە و مامەڵەیەکی خراپ بەکاردێت کە لەباری ئاسایی خۆیدا نابینرێت.

٢. لە پێناسە جیاوازەکاندا هاتووە کە قۆستنەوەی (استغلال )پێگە و پیشەی تێدایە، کە ئەگەر ئەو کەسە و لایەن و دەزگایە لەو شوێنەدا نەبوایە نەیدەتوانی ئەو مامەڵەیە ئەنجامبدات.

٣. زۆربەی پێناسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە کارێکی نادروستە و بەرژەوەندی تایبەتی پێش بەرژەوەندی گشتی خراوە، جا لەسەر ئاستی کەسی بێت یان دەام و دەزگا.

٤. پێناسەکان جەخت لەوە دەکەنەوە، کە پرۆسەکە دوو لایەنیە ،لایەنی جێبەجیکاری مامەڵە و لایەنی سودمەند لە مامەڵە.

٥. لە پێناسەکاندا هاتووە کە بۆ بەئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆسە شێواز و میکانزمی جیاواز دەگیرێتەبەر، بەپێی تایبەتمەندی و جۆری گەندەڵیەکە.

**سێیەم/ گەندەڵی ئابووریی و هۆکار و پاڵنەرەکانی:** هۆکارەکان فرە ڕەهەندن تاڕادەیەك بەشێکی زۆریان ئامادەیان لە زۆرێك لە کۆمەڵگاکان هەیە، بەڵام کاریگەری ئەو هۆکارانە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە لەڕووی ڕێژەوە و جۆرەوە، لە گرنگترینییان :

**١- هۆکارو پاڵنەری ژیاریی :** شرۆڤەی مەدەنی و شارنیشینی هۆکاری گەندەڵی لێرەدا دەگەڕێنێتەوە بۆ " بوونی بۆشای لە نێوان بەهای شارنیشینی کۆمەڵگا و ڕێساکانی کارکردنی فەرمی لە دامەزراوە کارگێریەکان " ئەم تێگەشتنە تاڕادەیەك ڕووو بە ئاراستەی وڵاتانی باشوورە، چونکە زیاتر خاوەنی شێوازێکی نەریتین لە ڕێکخستنی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا.

**٢- هۆکار و پاڵنەری سیاسی:** لایەنگیری و دڵسۆزی تایبەتی بۆ کارکردن لەبەژەوەندی کەمینەیەك لەسەر بەرژەوەندی گشتی و ڕەچاوکردنی خزمایەتی و مەحسوبیەت. هەروەها لاوازی دەسەڵاتی دادوەریی و کەمی ئازادی چالاکی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، هۆکارن بۆ فراونبوونی بازنەی گەندەڵی.

**٣- هۆکار وپاڵنەری پەیکەربەندنی:** لایەنگرانی شیکاریی پەیکەربەندی پێیان وایە، گەندەڵی تەنها بەرهەمی پەیکەربەندی کۆنە لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، چونکە لەگەڵ داخوازی و بەهای تاکەکان و ناگونجی و داواکاریی و پێداویستیەکانیان پڕناکاتەوە.

**٤- هۆکار وپاڵنەری ئابووری :**نایەکسانی و نادادی لە شایستەی داری و پاداشت و بارگرانی تاك بەهۆی بڕیارەکانی حکومەت بۆ بەرزبونەوەی ئاستی هەڵکشانی ئابوری بەهۆی پەیرەوکردنی سیاسەتی دارای هەڵەوە، هاوکات ناڕوونی لە پرۆسە ئابوورییەکان وەکو ئەوەی زۆربەی پرۆسە ئابوورییەکان خۆی لە ڕێکەوتنی ژێر بەژێر و گوماناوی دەبینێتەوە، یان بەهۆی دەڵاڵەکانەوە پرۆژەکان ڕێکەوتنی بۆ دەکرێت، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ بەردەوامیدان بە گەندەڵی.

جیالەوانەش نەبوونی چاودێری وپەرتەوازەی و بێ ئاگای لە پرۆژە گەورەکان و لاوازی یاساکان و بێ دەسەڵاتی حکومەتیش هۆکارن.

**٥. هۆکار وپاڵنەری کۆمەڵایەتی:** بوونی چوارچیوەیەکی ئاکاری بۆ ڕەفتاری تاکەکان لە کۆمەڵگادا خۆی لەخۆیدا دەبێتە ڕێگری و بەربەست لەبەردەم لادان یان یاخود تێکشاندنی ڕێکخستنە لاواز و سستەکان کە لە گەندەڵی کارگێریدا بەدەردەکەوێت، ئەمەش دەبیتە هۆی ڕێگری لەبەردم حاڵەتەکانی گەندەڵی. لە لایەکی ترەوە تاوەکو پەیوەندی کۆمەڵایەتی نێوان تیرە و هۆزێك بەقوەت بێت ڕووکردنە گەندەڵی فراوان دەبێت، ئەویش بەهۆی دانانی حزم و هاوڕێ لە بەرپرسیارێتیەکاندا (علی، ٢٠١١: ٧٤-٧٧ ) ؛ (الغنمی و الخزرجی، ٢٠٠٣: ١٢،١١).

**چوارەم/ لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی گەندەڵی ئابوریی**

١- داڕووخانی بەها و بنەما کۆمەڵایەتیەکان: گەندەڵی دەبێتەهۆی داماڵین لە بەها و بنەما و ئاکارە چاکەکان.

٢- داڕووخانی ئیتیکی ئەرکی پیشەی گشتی: دەبینین خزمخزمێنە دەبێتە هۆی گەشەکردنی هۆکار و میکانیزمی گەندەڵی وهەل قۆستنەوە، بۆیە ئەم میکانزمی گەندەڵییە بەر جومگە گرنگەکانی دەزگا حکومیەکان دەکەوێت و پلە کارگێرییە باڵاکانیش دەگرێتەوە، بەجۆرێك کارکردن بەو میکانیزمە دەبێتەهۆی دوورخستنەوەی توانا ڕژدەکان و لەکۆتایدا لێکەوتەی لاوازی هەیبەتی دەوڵەت وحکومەت و دامودەزگاکانی بەرانبەر کۆمەڵگا و کەمبونەوەی بروا بەو دەزگایانە، لێدەکەوێتەوە.

٣- بەرزبونەوەی ڕێژەی بێکاریی و دابەزینی ئاستی بژێوی: ئەوکەسانەی بەهۆی ڕێگای نادروست و پۆخڵەوات و گەندەڵەوە بوون بە خاوەن موڵک و ماڵ، هەوڵدەدەن لەدەروەی وڵات کار بەو سامانە بکەن ، ئەمەش بۆخۆی دەبێتەهۆی ڕێگری بەشێکی باش لەو پارانەی کە دەبوو بۆ پرۆژەی وەبەرهێنان خەرجبکرێت و بەهۆیەوە هەلی کار زیاتر برەخسێت.

٤- باڵا دەستی بەهای نامۆ لە کۆمەڵگا: میکانیزمەکانی گەندەڵی دەبێتەهۆی باڵادەستی هەندێ بەهای نامۆی نوێ لەو کۆمەڵگایانەی کە تێدا بڵاوبووەتەوە، بەجۆرێك دەبینین تێکچونێك لە سیستەمی بەهای باو و ئیتیکی کاردا دروست دەبێت، وەك سەرهەڵدانی " بەرتیل و دەڵاڵی " کە شێوەیەکی پلەبەندی وەردەگرێت و گوزارشت لە سیستەمێکی نوێ دەکات بۆ بەڕێکردنی مامەڵەی ڕۆژانە و ئەمەش دەبێەهۆی کاریگەری لە ئاکار و بەهاکانی کۆمەڵگادا.

٥-جیاوازی چینایەتی و ململانێی کۆمەڵایەتی: گەندەڵی دارایی دەبێتە هۆی دروستبوونی چینێکی کۆمەڵایەتی، بەجۆرێك کە توێژێك سەردەکەون بۆ لوتکەی هەرەمی کۆمەڵایەتی، کە بەهۆی دەسکەوتنی دارای نادروستەوە ئەو پلەیە بەدەست دەهێنن، هۆکاری هەڵتوقینی ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ گەشتنی ئەو چینە گەندەڵە بە کۆمەڵێك پەیوەندی بەهیز لەگەڵ بەرپرسی باڵا و سەرمایەدارەکاندا، کە بەهۆی پەیوەندی حزمایەتی یان بەهۆی هاوبەشیکردن لە پرۆژە جیاوازەکاندا بەدەستییان دەهێنن،. لەبەرانبەر ئەمەشدا جۆرێك لە ڕق و کینە لەلای دەوروبەریان دروست دەبێت وەکو کرێکارو جوتیار و هەژارەکان. لە ئەنجامدا ململانێی چینایەتی دروست دەبێت کە بەهۆیەوە کێبرکێی کۆمەڵایەتی بەهێز و ترسناکی لێدەکەوێتەوە .


SJH p-ISSN: ١٨١٣-٠٨٥٢, e-ISSN: ٢٦١٧-٣٠٣٤

٦- گۆڕانی ڕەفتاری تاکەکەسی: گەندەڵی دارایی دەبێتە هۆی زۆربوونی ڕێژەی کەسە پەراویزخراوەکان لەڕووی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتیەوە، لەبەرئەوەی بەرهەمی پەرەپێدان بەشێوەیەکی نارێك دابەش دەکرێت، دەبێتەهۆی کەمبونەوەی متمانەی تاك بە حکومەت، ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوودانی پێکداداان و هەڕەشە لەسەر ئاسیش و ئارامی گشتی لە وڵات (مسعود،٢٠١٩: ٨٣).

هەروەها ڕوانگەی تر هەن لەسەر ئەم بابەتە کە بەشێوەیەکی گشتیتر دەڕواننە بابەتی گەندەڵی ئابووری و لێکەوتەی لەسەر کایەی کۆمەڵایەتی لەو ئاماژە کردنانەش ئەمانە خراونەتەڕوو:

١-جوڵاندن و ڕاتەکاندنی بنەما و بەها کۆمەڵایەتیەکان وەکو " ڕاستگۆی و سەرڕاستی و دادپەروەری و یەکسانی و هەلی هاوتا .

٢-نەمانی پیشە و تواناکان لە کاردا و بڵاوبوونەوەی بنەمای گوێپێنەدان و هەست نەکردن بە بەرپرسیاریەتی .

٣-بڵاوبوونەوەی تاوان بەهۆی نائامادەی بەها و بەربەست و ویژدانی خودی .

٤-دەرکەوتنی خراپە و جیاوازی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی لە ڕێگای نەبوونی یەکسانی لە دابەشکردنی ئابووری بۆ شمەك و حزمەتگوزاری و تەرخانکردنی پارە و موڵك و ماڵ بۆ بەرژەوەندی ئەو توێژەی کە دەسەڵاتیان قۆرخکردوە و بڕیاربەدەستن .

٥-بڵاوبوونەوەی هەستکردن بە چەوساندنەوەی زۆرینە کە دەبێتەهۆی چاندنی هەستی تۆڵەکردنەوە بەشێوەیەکی بەردەوام لە نێوان چینەکانی کۆمەڵگادا، لە کۆتایدا توێژ و گروپی پەراویزخراو دروست دەبێت کە لەبازنەی کەمینەی ماف خوراودا دەبینرێن .

٦-گەندەڵی کاریگەریی دەبێت لە کەمکردنەوەی ئەو بەها ئاینیەیانەی کە بۆ ڕێکخستنی ژیانی مرۆڤ و لەڕێگای کەسە ئاینیەکانەوە بڵاودەکرێتەوە .

٧-بڵاوبونەوەی دیاردەی دەمارگیریی و تاوانی ڕێکخراو و ئاسانکاریی بۆ پەڕگیری و ونبون تێیدا (عبدو،٢٠١٩: ٤٢).

**پێنجەم/ تیۆرە شیکارییەکانی گەندەڵی ئابووری:**

**١.تیۆری ئاکاریی:** ئاکارناسەکان هەوڵیانداوە لە دیاردەی گەندەڵی و بە تایبەت گەندەڵی ئابووری بکۆڵنەوە و لەم نێوەندەدا هەریەک لە (Edgar Simpkins & Ronald Warit) ئاماژە بەوە دەکەن کە هەر کارێکی گەندەڵی بە گەندەڵ دادەنرێت ئەگەر کۆمەڵگا بەو شێوەیە بڕیاری لێدابێت و ئەو کەسەی کە ئەو کارەی کردووە لەکاتی ئەنجامدانیدا هەستی بە تاوانباری کردووە. بە بڕوای ئەوان هۆکاری سەرەکی تەشەنەسەندنی گەندەڵی، خۆخۆری و خۆشەویستینی پارە و نزمی بەها ئاکارییەکانە.

لە ژێر ڕۆشنایی ئەم ڕەوتە، ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی کارگێڕی، پێویستی بە ڕاهێنانی فەرمانبەرە گشتییەکان هەیە کە گەندەڵ نین. ئەوان لەو باوەڕەدان تاوانبارە یەخە سپییەکان زۆر گرنگی بە ڕێسا ئاکارییە باوەکان نادەن، گەر هاتوو بەشدارییش لە ڕەفتارێکی لادانکاری بکەن، ئەوا پێگەی ئەوان کاریگەری کەسانی دەوروبەری بەسەرەوە نابێت، چونکە پاساو بۆ کردەوەکانیان دەدۆزنەوە. هەروەها کۆمپانیا گەورەکان گەنجان ڕادەهێنن لەسەر چۆنیەتی بە تەنها قازانجکردن، تەنانەت ئەگەر ئەوە نائەخلاقیش بێت ئەوەی لەڕادەبەدەر گرنگە تەنها قازانجە، بۆیە ئەم کەسانە خۆیان وەک تاوانبار سەیر ناکەن (الدالي، ٢٠١٨: ٧١٨).

**٢.تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی:** ئەم تیۆرە بۆ ڕاڤەکردنی دیاردە کۆمەڵایەتییەکان بەگشتی و دیاردەی گەندەڵی بەشیوەیەکی تایبەتی پشت بە بەکارهنانی چەند چەمکێک دەبەسەتیت، بەشوەیەکی سەرەکی جەختدەکاتەوە لەسەر سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئەرک و ئاستەنگی وەزیفی و پاراستنی سیستەم. ئەم تیۆرە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە کۆمەڵگە لە سیستەمێکی تەواوکاریی بەشەکییەو ، هەموو ئەم بەشانە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە و پێکەوە تەواوکارن بۆ پاریزگاری لە سیستەم، هەبوونی گرفت و کێشە و لادان لە هەر سیستەمێک دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە لەسەرجەم سیستەمە گشتییەکە و کاریگەریی لەسەر هاوسەنگی بەجێدەهێڵێت، ئەمەش دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا. لەلایەکی ترەوە تیۆری بونیاتی ئەرکگەرایی وایدەبێنێت کە دیاردەی کۆمەڵایەتیەکان و لەناویشیاندا دیاردەی گەندەڵی وەزیفەیان هەیە لەناو سیستەمە گشتییەکەدا، کە پاڵپشتی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا دەکەن ( القناعي،٢٠٢٠، ٥١١-٥١٢).

**٣.تیۆرەی ناپێوەری و ڕاڤەکردنی گەندەڵی ئابووری:** بە بڕوای ئەمیل دورکهایم دۆخی ناپێوەری ئاماژەیە بۆ تێکچوونی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی، و بڵاوبوونەوەی ئاژاوە و نائارامی لە نێوان تاکەکاندا، دۆرکهایم ئەم دۆخەی بە یەکێک لە دۆخەکانی لەبەریەکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتی زانیوە کە لە کۆمەڵگادا ڕوودەدات بەهۆی شەپۆلەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی لەناکاوەوە، "کە دەبێتە هۆی نەمانی پێودانگی کۆمەڵایەتی کە توانای کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری تاکەکانی هەیە، هەروەها ئاماژەی بەوەدا کە پێودانگە نەریتییەکان لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا دەشێوێن و بەبێ ئەوەی پێودانگە نوێیەکان جێگەیان بگرنەوە. لەم ڕوانگەیەوە دورکهایم بینی کە ئەم دۆخە کۆمەڵێک دیاردەی لێدەکەوێتەوە وەک تاوان و لادان لەوانەش گەندەڵی، کەلە ڕاستیدا وەکو ڕاستییەکی سروشتی لە گەشەسەندنی کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا دەیبینی".

کۆی گشتی شیکاریی دۆرکهایم بۆ دیاردەی گەندەڵی، ئەوەیە کە قەیرانی ئابووری سەخت و گۆڕانی لەناکاو لە کۆمەڵگادا، دەبێتە هۆی پەشێوی . ئەم پەشێوییە دۆخێکی دارمان لە پێگەی کۆمەڵایەتی تاکەکاندا دروست دەکات، هاوکات دەبێتە هۆی پێودانگی جیاواز و لەدەستدانی ڕێکوپێکی و درزکەوتنی ئەو یاسایانەی کە کردار و ڕەفتارەکان بەڕێوەدەبەن. ئەم تێکچوونە (ناپێوەرییە) دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی سنووردارکردنی تموحاتی تاکەکان و دەبێتە هۆی لادانیان ( بوروح، ٢٠٢١: ١٠٧-١٠٩).

**شەشەم/ ستراتیژی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئابووریی و سنوردارکردنی:** ڕووبەڕووبونەوە و چارەسەری گەندەڵی کارێکی مەحاڵ نیە، بەڵام پرۆسەیەکی قورسە، چونکە بەشێك لەو پرۆسانە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەکی زۆر و قوڵای میژووی هەیە، بەجۆرێك دەبێت میکانیزمی تایبەتی بۆ دابنرێت، بەگشتی ئەمانە وەکو چەند میکانزمێك دەبینرێن بۆ کارکردن :

١. لە پەیوەندیدا بە سودبینین لە کەلەپوری ئیسلامی لە ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵیدا: ئەگەر گەندەڵی دیاردەیەك بێت لە دیاردە نێگەتیڤەکان و کەسانی چاکەخواز و و پسپۆرانی ئاکارناسی لێکۆڵینەوەیان لە بارەوە خستوەتەڕوو، ئەوا دەکرێت سود لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام وەربگیرێت بەو پێیەی گرنگیەکی زۆری داوە بە ڕووبەڕوونەوەی گەندەڵی بەگشتی و گەندەڵی کارگێڕی بەتایبەتی وەکو " شاردنەو و بردن و بەرتیل " کە ئاینی ئیسلام دژیانە .. مەبەست لێرە سوود وەرگرتنە لە ئایەت و دەق و فەرمودە پیرۆزەکان بۆ ڕووبەڕوونەوەی ئەم دیاردەیە وەکو جۆرێك لە دروستکردنی هۆشیاری و ئاگای بەرانبەر ئەو دیاردە ترسناکە و خستنەڕووی بەرپرسیاریەتی و ئەرك و ماف لەلای تاکەکانی کۆمەڵگا و ڕێگا دروستەکانی مامەڵە .

٢. لە پەیوەندیدا بەسودبینین بە میکانیزمەکانی سەردەمی نوێ لە ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی : زۆرێك لە وڵاتان ستراتیژ و شارەزای جۆراوجۆر بەکاردێنێن بۆ ڕووبەڕوونەوەی گەندەڵی کەبەشێکیان هاوشێوەی تێدا دەبینرێ و بەشێکی تر جیاوزای خۆی هەیە، لەم ڕووەوە هەریەك لە ( زویلف و اللوزی ) کۆمەڵێك ئامراز و میکانیزم بە گونجاو دەزانن:

ا-میکانیزمی کۆمەڵایەتی: بۆ هۆشیارکردنەوەی هاوڵاتیانە لەسەر ئەو گەندەڵییانەی کەدەکرێت لە کارگێڕیدا و هاندانی چاودێری جەماوەری .

ب-میکانیزمی سیاسی: سەربەخۆکردنی دەزگا کارگێڕییەکان لە فشاری سیاسی و چاودێری و پەرپێدانی زیاتر بە بواری کارگێری .

ت-میکانیزمی بەڕێوەبردن: هەموو ئەو هەوڵانە لەخۆ دەگرێت کە لەباری چاکسازی کارگێری و بەڕێوەبردندا دەکرێت، واتە پێداچوونەوەی جدی و سەردەمیانە بۆ پەیکەربەندی ڕێکخستن و خستنەڕووی زانیاری و ڕۆشنبیری زیاتر لەو ڕووەوە .

پ-میکانزمی ئابوری: بەگشتی خستەڕووی پەراوی هەڵسەنگاندن و دروستکردنی سیستەمی پاداشت و سزا، لێکۆڵینەوە لە ئاستی کرێ و بەکارهێنانی داهات بەشێوەیەکی دروست .

ج-میکانیزمی یاسایی: لێپرسینەوە لەو کەسانەی کە گەندەڵی و سەرپێچی یاسایان ئەنجامداوە، جیاکردنەوە سێ دەسەڵاتەکە لەیەکتر (یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن )، دورخستنەوەی دەسەڵاتی سیاسی وسەربەخۆی دادگاکان .

**٣-لە پەیوەندیدا بە دەستەی دەست پاکییەوە:** دانانی کەسی بێ لایەن لەو پۆست و پێدانی دەسەڵاتی تەواو بۆ لێپرسینەوە لەهەموو کاربەدەستێکی حکومەت.

**٤-لەپەیوەندیدا بە ڕۆڵی حیزبەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی:** بەو پێیەی پرۆسەی کارکردنی پارتەکان جەماوەرە دەکرێت سود ببینرێت لەزانیاری و هاوکاری ئەو خەڵکانە وەرگیرێت کە لەسەر هەڵماڵینی پرۆسە و مامەڵە نادروستەکان کۆیدەکەنەوە و پێشکەشی داداگای دەکەن (الطالبانی، ٢٠١١: ٩٣-٩٩).

سەرەڕای ئەو میکانیزمانەی کە خراونتەڕوو بەگشتی پێشنیازی هەندێک میکانیزمی تر وەک ستراتیژدەکەین:

١-داڕشتن و کاراکردنی دەقی یاسایی لەو بابەتانەی کە پەیوەندیدارە بە مامەڵەی گەندەڵی .

٢-دوورخستنەوەی پەرلەمان لە ژێر ڕکیفی بڕیاری حزبی و ئازادکردنی ئەندامانی پەرلەمان لە گرتنەبەری ڕێو شوینی پێویست بۆ ڕووبەڕووبونەوەی پرسەکانی گەندەڵی . بانگکردنی بەرپرسی گەندەڵ و وەرگرتنەوەی متمانە لێی .

٣- دانانی کەسانی بێ لایەن و دەسپاك لە دەستەی دەستپاکی بەشێوەیەك دووربێت لە پشك پشکێنە و بنەمای نایاسایی .

٤-کاراکردنی زیاتری دیوانی چاودیری دارای و سەربەخۆکردن و بێ لایەنیکردنیان لە ئینتمای سیاسیی و فشارخستنە سەریان.

٥-هەوڵدان بۆ دروستکردنی ڕاگەیاندنی نیشتیمانی بەدەر لە لایەنگیری سیاسیی و پشتگیریکردنی زیاتری ئەو کەناڵانەی ڕاگەیاندن کە کار لەسەر گەیاندنی پەیام و دەنگی ڕاستی دەکەن .

٦-هاندان و تەرخانکردنی دارای پێویست بۆ توێژینەوەی پێویست لەسەر گەندەڵی بەگشتی و خستنەڕووی مەترسی و زیان و جیکەوتەکانی لەسەر کۆمەڵگا .

٧-زیاتر کردنی کۆنفراسی زانستی لەسەر گەندەڵی و ڕەهەندە جیاواز و مەترسیەکانی و خستنەڕووی دیدگای داهاتووی بۆ لێکەوتەکانی لە کۆمەڵگا .

٨- بەهەند وەرگرتنی ڕۆڵی ڕێکخراوی کۆمەڵگای مەدەنی.

**بەشی دووەم/ ڕێکارە مەیدانیەکانی توێژینەوەکە:**

**باسي يەکەم/ جۆری توێژینەوەکە و میتۆد و ئامڕازەکەی:**

**یەکەم/جۆری توێژینەوەکە**

پارادایمی ئەم توێژینەوەیە بونیادگەرییە و ئەم جۆرە توێژینەوە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوە چۆنایەتییەکان و پشت دەبەستێت بە قوڵی زانیارییەکان نەوەک داتاو ژمارەی ئاماریی بەڵکو لە ناوەڕۆکی زانیارییە بەدەستهاتووەکانەوە دەتوانرێت شیکاریی ئامانجەکانی توێژینەوە بە ئەنجامەکان بکرێت و تەبایی و ناتەبایی تیۆرە شیکارەکان لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەکە تاوتوێ بکرێت.

**دووەم/میتۆدی توێژینەوە**

لە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی شیکاریی بەکارهاتووە، بەهۆی گونجاندنی ئەو میتۆدە لەگەڵ ئامانجی توێژینەوەکەمان و سروشتی ئەم جۆرە توێژینەوانە.

**سێیەم/ کۆمەڵگە و نموونەی توێژینەوەکە**

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە هەرێمی کوردستانە و نموونەی (نا ئەگەریی مەبەستدار)ە، و بەشێوەی چاوپێکەوتن لەگەڵ پسپۆڕەکان ئەنجامدراوە، هۆکاریشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ئەم کارە پێویستی بە ئاستێکی باش لە تێگەشتن هەیە بۆ ئەوەی زانیاری ورد و تێگەشتنی قوڵی لەبارەوە بخرێتەڕوو بۆیە ئاراستەی کارەکەمان بەو جۆرە بردووە .

**چوارەم/ ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاریی**

بەمەبەستی ئەنجامدانی چاوپێکەوتنەکان سودمان لە جۆرەکانی (چاوپێکەوتنی کەسی و چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی و چاوپێکەوتن لەڕێگەی ئیمەیلەوە) بینیوە.جۆری یەکەم کە " چاوپێکەوتنی کەسی " خۆی لەو جۆرە چاوپێکەوتنە دەبینێتەوە کە کە ڕووبەڕوو لە نێوان توێژەر و لێتوێژراو یان ئەوانەی پەیوەستن بە توێژینەوەکە ئەنجام ئەدرێت، هەروەها "چاوپێکەوتنی تەلەفۆنی ": ئەمجۆرە بەتەواوکەری چاوپێکەوتنی کەسی دادەنرێت بۆ تەواوکردنی هەندێ زانیاری کە توێژەر لە چاوپێکەوتنی کەسی ئەنجامی داوە، بەڵام " چاوپێکەوتن لەڕێگەی ئیمەیلەوە " ئەو پرۆسەیە هەوڵدەدرێت چاوپێکەوتنەکە ئەنجام بدرێت، واتە لەڕێگەی ئیمێلەوە پەیوەندی دەکرێت بە لێتوێژراوەوە و چاوپێکەوتنەکە ئەنجام دەدرێت (المحمودی،٢٠١٩ : ١٤٢). بۆ ئەم مەبەسەتە (٧) پسپۆڕمان وەرگرتووە.

**باسی دووەم/ داڕشتنەوەی پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە:** لەسەر بنەمای ئەو پرسیارانەی کە ئاراستەی پسپۆڕان ( لێتویژراو)مان کردووە وڵام و ڕوانگەی جیاوازمان بۆ خراوەتەڕوو ..لێرەدا ئێمە پرسیارەکانمان دابەش کردووە بۆ چوار تەوەری سەرەکی کە پەیوەندی بە کرۆك و کێشە و ئامانجی کارەکەمانەوەیە و لە کۆتایشدا گرنگی کارەکە لەو ڕوانەوە دەخاتەڕوو، لە پاشکۆی (٢) روون کراوەتەوە

**باسی سێیەم/ خستنەڕووی چاوپێکەوتنەکان و ڕاڤەکردنی و ئەنجامەکان:**

**١.خستنەڕووی چاوپێکەوتنەکان و ڕاڤەکردنیان:** ئاراستەی ئیشکردنمان لەم ڕووەوە لەسەر ئاستی تەوەر تەوەرە، واتە هەر تەوەرەی تەرخان دەکەین بە پرسیارێکی دیاریکراو و بەرێبازی شیکاری چۆنییەتی شیکارمان کردووە. بۆ ئەم مەبەستە لەم کارە ئێمە زانیاریمان لەسەر لایەنی تیۆریی نەخستوەتەڕوو، چونکە لەکاتی ڕوونکردنەوەدا هەموویان ئاماژەیان بە ئاگایی لە دیاردەکە هەبوو . لێرەدا سەرەتا لە پرسیاری یەکەمەوە دەستپێدەکەین بەمجۆرە:

تەوەری یەکەم: سەبارەت بە پرسیاری یەکەم، لە پەیوەندیدا بە " بەبوونی دیاردەی گەندەڵی ئابووری لە کۆمەڵگای کوردی ؟ دیاریکردنی جۆرەکانی ئەم دیاردەیە لە کۆمەڵگای کوردی ؟ کام جۆرە پانتایەکی زۆری دیارییکردوە لە واقعی ژیانماندا؟

لەوەڵامی هەر حەوت لێتوێژراوەکەدا هاتووە، کە بەڵی گەندەڵی ئابووری لە کۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەیە ، لەڕووی شێوەشەوە لە ناوخنی وڵامیاندا ئاماژە زیاتر بەبەرتیل و واستە کراوە. بەڵام سەبارەت بە دیاریکردنی جۆرەکە هەر حەوتییان ڕایان وایە، کە گەندەڵی ڕێکخراو لە کۆمەڵگای کوردی بوونی هەیە، هاوکات سێ لێتوێژراو ( د.نیاز، د.هێمن، د.محمد ) لە کۆی حەوت لێتوێژراو، لەو بڕوایەدان کە گەندەڵی کارگێری لەکۆمەڵگای کوردیدا بوونی هەیە. بۆ زانینی زانیاری هەر لە ڕووی جۆرەوە ڕوانگەی یاسایی لە دیدی (د.هێمن) دەخەینەڕوو کە پێیی وایە " گەندەڵی لە ڕاڤەکردنی یاسا و گەندەڵی بەهۆی " قۆستنەوەی دەسەڵات " کە ئەمە زیاتر خۆی لە بەشداریی فەرمانبەر و هێزە چەکدارەکان لە تەندەر و مقاولات دەبینێتەوە ".

بۆ تێگەشتنی زیاتر و پیشاندانی ڕەهەندی تری ڕوانگەی کۆمەڵناسیانەی ( د.توانا ) مان وەرگرتووە کە ئەو وایدەبینی " گەندەڵی ئابووری بوونی هەیە، گەندەڵی دامەزرازوەی پانتایەکی زۆری هەیە لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەرێمدا . "

لەبەرئەوەی هیچ کۆمەڵگایەك نیە سیاسەتی تێدا ئەنجام نەدرێت بۆیە ڕوانگەی سیاسیشمان لا گرنگ بوو لەم ڕووەو (د. فاروق ) ئاماژەی بەوەکردوە، کە " گەندەلی سیاسی لە بابەتی تەزویر و لادان لە بەرنامە و پرۆگرامی حزب، هەروەها گەندەڵی یاسای وەکو دارشتنی یاسا لەبەرژەوەندی کەسەکان و شیکاری دەقەکان لەبەرژەوەندی گروپە بەرژەوەندیخوازەکاندا بگونجێ، گەندەڵی ئاینی وەکو ئیستغلالکردنی پێگە ئاینیەکان " زیاد لەوەش بەوپێیەی بەشێکی زۆری گەندەڵی لەیەکە کارگێرییەکاندا درکی پێدەکرێت لێرەدا بۆ ڕوانگە کارگێری سودمان لە ( د.محمد نجم ) بینیوە کە وایدەبینێ " گەندەڵی لە لوتکەوە بۆ خوارەوە هەیە ، لەزۆربەی کەرتەکان بەدیدەکرێت، ئەمە سەرەڕای گەندەڵی لە ئاستی ناوخۆی بەتەنها نییە بەڵکو چووەتە دەرەوە". جیالەوەش سوودمان لە ڕای (د. ماجد) وەکو پسپۆڕی مێژوو بینییوە، چونکە هەندێک دیاردەی کۆمەڵایەتی ڕیشەیەکی مێژوویان هەیە، ئەو وایدەبنێ کە " لە هەرێمی کوردستاندا گەندەڵی ئابووری هەیە دیارترین جۆرەکانی ئەو دیاردەیەش لە بۆشایی و لاوازیی لۆژیکی دەوڵەتداری و نەبوونی دامەزراوەیی و سستی پرۆسەی پەروەردەو غیابی ئینتیمای نیشتمانییەوە دروست بووە. لە بۆشایی و لاوازیی لۆژیکی دەوڵەتداری و نەبوونی دامەزراوەیی و سستی پرۆسەی پەروەردەو غیابی ئینتیمای نیشتمانییەوە دروست بووە".

لەو خستنەڕووانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە گەندەڵی ئابووری بونی هەیە، بەپێی بیروڕای لێتوێژراوان بە زۆرینە جەختیان لەوە کردوەتەوە کە گەندەڵی ڕێکخراو بەپلەی یەکەم دێت و دوای ئەوەش گەندەڵی کارگێڕی، دوای ئەو دوو جۆرە ڕای جیاوازی پسپۆڕان زیاتر دەبینین لەسەر بابەتەکە، کە فرەڕەهەندە و تێڕوانینی جیاوازی لەسەر خراوەتەڕوو . بۆتێگەشتن لە هۆکاری خستنەڕووی نزیکی ئاراستەی لێتوێژراوان، زۆرینەیان بەشیکردنەوەی زیاتر ئاماژەیان بەوە کردووە کە ئابووری بزوێنەری زۆر کایەی کۆمەڵگایە، یان بەواتایەکی تر بڵێین ئابووری و بوارەکانی

تر دوو دیوی دراوێکن، بۆیە کە گەندەڵی لە هەر لایەك ڕوودات کاریگەری لەسەر لایەنەکەی تری هەیە، ئەمەش ئەگەر بیبەستینەوە بەلایەنی تیۆریی بابەتەکەمانەوە دەبینین ئەو جۆرە تێگەشتنەی لێتوێژراوان لە ژێر چەتری پێناسەی " گەندەڵی ئابووری " جێگای دەبێتەوە. هەروەها ئەم ئەنجامە تەبایە لەگەڵ تیۆری بونیادی ئەرکگەرایی کە پێ وایە " کۆمەڵگە لە سیستەمێکی تەواوکاریی بەشەکییەو ، هەموو ئەم بەشانە پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر هەیە و پێکەوە تەواوکارن بۆ پاریزگاری لە سیستەم، هەبوونی گرفت و کێشە و لادان لە هەر سیستەمێک دەبێتە هۆی دروستکردنی کێشە لەسەرجەم سیستەمە گشتییەکە و کاریگەریی لەسەر هاوسەنگی بەجێدەهێڵێت".

ئەوەی لە بارەی جۆرەوە گرنگە ئاماژەی بۆ بکەین سەرەڕای ئەوەی جۆرەکانی گەندەڵی ئابووری بە پێی پسپۆڕییە جیاوازەکان تێڕوانینەکان لەسەریان دەگۆڕی واتە هەر پسپۆڕییە و لەڕوانگەی خۆیەوە سەیری دەکات، بەڵام بۆ پسپۆڕی کۆمەڵناسی دەبێت تێڕوانیی گشتگیرتری هەبێت و هەموو بوارەکانی بخاتەڕوو، چونکە کۆمەڵگا بۆخۆی بەپێی تێڕوانینی بونیادی ئەرکگەرای زادەی چەند سیستەمیکی جۆراوجۆرە وەک ( ئابووری –سیاسی – پەروەردە) بۆیە تێکچونی لە لایەنێکی کاردەکاتە سەر لایەنەکانی تری، سەبارەت بە کۆمەڵگای کوردی لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی سەرەوە و تیبینی ئێمە وەکو ئەکادیمی گەندەڵی ئابووری لەهەموو ئاستەکاندا دەبینرێت کە دەتوانرێت بۆ هەریەکەی نمونەی لەبارەوە بخرێتەڕوو، بەڵام گەندەڵی ڕێکخراو گەورەترین کێشەیە، کەوا دەکات ببێتە بەشێك لە کولتووری بەڕێوەبردن لە هەرکۆمەڵگایەك و تاڕادەیەکی زۆر ڕەوایەتی وەربگرێت و لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر بگوازرێتەوە.

ئەوجۆرە لە گەندەڵی سەردەکێشێت بۆ چاولێکەری لە هەموو بوارەکانی تر واتە تەنها لەسەر ئاستی حکومی و یەکە کارگێڕییەکان ناوەستی، بەڵکو وەکو نەریتێکی چاولێکەری و بێباکی خەڵکی لە کەرتی تایبەتیشدا کاری لەسەر دەکات. هاوکات ئەوەی پەیوەندی بەگەندەڵی کارگێڕی یان بڵێن یەکە کارگێڕییەکانەوە هەیە مەترسییەکی گەورەیە، چونکە بەپێی یاسا فەرمانبەر و کەسیی یەکە کارگێڕییەکان لە بنەڕەتدا بۆ ئامانج و خزمەتێکی دیاریکراو دامەزراون کە پاراستنی بەژەوەندی گشتییە، بەڵام کاتێك بەژەوەندی گشتی دەکرێتە قوربانی بەرژەوەندی تایبەتی لەوێدا پێگە لە یەکە کارگێڕییەکان بەکاردەهینرێت بۆ ئامانجی تایبەتی، کاردنەوەی لەسەر متمانەی خەڵك بەدامەزراوەکان و متمانەیان بە زۆرینەی فەرمانبەر و بەرپرسان نامێنێ، بەمەش ناتوانرێت جیاوازی لە نێوان کەسی باش و خراپ بکرێت .

بەگشتی ئەوەیە کە ئەو پۆلێنکارییەی کەخستومانەتەڕوو کە خۆی " گەندەڵی ناوخۆی (شوێن)، گەندەڵی دەرەکی (شوێن ) " و " ( گەندەڵی بچوك ) ( گەندەڵی گەورە ( گشتگیر ) " و " گەندەڵی ڕێکخراو، گەندەڵی هەڕەمەکی " و " گەندەڵی لە کەرتی گشتی، گەندەڵی کەرتی تایبەت " و " گەندەڵی ناوخۆیی، گەندەڵی نێو دەوڵەتی " و " گەندەڵی لوتکە، گەندەڵی دامەزراوەیی " و "گەندەڵی مادی، گەندەڵی نامادی" وەکو پێوەرەیك بەکارهاتووە بۆ هەلسەنگاندنی ڕای (لێتوێژراوان )، نەکو وەرگرتنی ڕایان لەسەر جۆرەکان بەوپێیەی کە ئێمە لە پۆلێنەکاندا ئاماژەمان بۆ کردووە.

**تەوەری دووەم: سەبارەت بە پرسیاری دووەم: لە پەیوەندییدا بە هۆکار و پاڵنەری گەندەڵی ئابوری کە بوونەتە هۆی پەیدابوونی گەندەڵی ئابوری لە کۆمەڵگای کوردیدا ؟**

تێڕوانین و ببیربۆچوونی لێتوێژراوان و وەڵامەکان فرە ڕەهەند و جۆراوجۆرن، بۆیە لێرەدا ناتونین ئاماژە بەهۆکارێك بکەین وەکو تەنها هۆکارێك کە کۆدەنگی لەسەر بوبێت، وەکو ئەوەی لە جۆرەکەدا بینیمان، بۆیە لێرەدا بۆچونە جیاوازەکان بەپێی پسپۆری لیتوێژراوان دەخەینەڕوو، وەکو دەبینین ( د.نیاز ) لە ڕوانگەی ئابووری پێیی وایە ''هۆکاری گەندەڵی ئابووری دەگەڕێتەوە بۆ سێ خاڵی سەرەکی ئەوانیش " ڕەیعی نەوت، واتە پشتبەستن بە یەك سەرچاوەی داهات، کە دەچێتە دەستی حکومەت و حزبی باڵادەستەوە، حکومەتی زەبەلاحی لاواز ، نایەکسانیی ئابوریی " ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ڕونکردنەوەی بۆ ئەو هۆکارنە کردووە ''. هەروەها لەلایەکی ترەوە ( د.هێمن) لە ڕوانگەی یاساییەوە وایدەبینێت هۆکاری گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان بۆ ئەم هۆکارانە دەگەڕێتەوە " نەبوونی سەروەری یاسا و کارنەکردنی دام ودەزگاکان بەپێی یاسا، ژینگەی مرۆڤ لە دوای بەجیهانیبوون بەهۆی زاڵبوونی سیستەمی مادیگەری، پەکەوتنی دام و دەزگای چاودیرییەکان، گەندەڵی سیاسی و پەشیمان بوونەوەی هێزە سیاسیەکان، نەبوونی سیستەمی بانکی دیجیتاڵی لە کوردستان " . هاوکات ( د. توانا) لەڕاوانگەی کۆمەڵناسییەوە وایدەبینێ کە هۆکاری گەندەڵی خۆی دەبینێتەوە لە " بڵاوبونەوەی هەژاری و بێکاری، نەبوونی ویستی حکومەت بۆچاکسازی ڕاستەقینە، دابەشبوونی سەروەت و سامان بە نایەکسانی بەسەر چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا " لەم ڕووەو دەبینین نزیکیەك لە بۆچوونی هەریەك لە ( د. نیاز و د. توانا هەیە لە پەیوەندیا بە نایەکسانی ئابوورییەوە) هەیە.

بۆ وەرگرتنی تێڕوانینی تر لەسەر بابەتەکە لە پەیوەندیدا بەهۆکار و پاڵنەرەوە ( د.فاروق – لەڕوانگەی سیاسی ) وایدەبینێ کە هۆکاری گەندەڵی لە کۆمەڵگای کوردی دەگەڕێتەوە بۆ " ناسەقامگیری سیاسی، کۆمەلگای دوای جەنگ، ئەگەر لە خودی گەندەڵە ئابووری کورتی بکەیتەوە پەیوەندی بەلاوازی وەبەرهێنان و بردنی سەرمایە بۆ دەرەوە، کەمی هەلی کار، زۆربوونی، هەژاری، جەنگ، بیرۆکراسی و کەمی داهات ) هەیە .

لەڕوانگەی کارگێڕییەوە بیروڕای ( د.محمد ) ئەوەیە کە هۆکاری گەندەڵی بۆ " نەبوونی نیەتی جدیی لە بەڕێوەبردن و ڕێکخستنی یەکە کارگێڕییەکان بەجۆرێك سیستەمی پاداشت و سزا پەیڕەو ناکرێت و کەسی شیاو بۆ شوێنی شیاو دانانرێت ..جیا لەوەش لەگەڵ دەستیوەردانی حیزبی لە کایەکانی بەڕێوەبردن و نەبوونی ئەقڵیەتی دەوڵەتداری نوێ و بەڕێوەبردن لای سیاسیەکان و لاوازی دەزگاکانی چاودێری بەگشتی چی دەزگا فەرمییەکان بێت " . لێرەدا نزیکایەتی لە وەڵامی ( د. محمد و د.توانا و د ماجد ) بەدیدەکرێت لە پەیوەندیدا بە نەبوونی نیەتی جدی وەکو هۆکارێك، هەروەها لەگەڵ (د.هیمن )یشدا لاوازی دەزگای چاودیری کۆیان دەکاتەوە.

لە ڕوانگەی (د.ماجد) ەوە، هۆکارەکانی گەندەڵی دەگەڕێتەوە بۆ پاشماوەی کەلتوری سیستەمی سیاسی بەعس. فەرامۆشکردنی سیستەمی دیموکراسی و نەبوونی دەستوور. زاڵێتی ئەدەبیاتی حزبە سیاسییەکان لەناو دامەزراوە حکومییەکاندا، نەبوونی ئینتیمای نیشتمانی و دڵسۆزی، چارەسەرنەکردنی کێشە بنچینەییەکانی ناوەند و هەولێر وەک پێشمەرگە و نەوت و ناوچەی جێناکۆک. دەستێوەردانی تورکیاو ئێران.

لە ڕوانگەی (د. کاروان)ەوە، هەموو ئەو هۆکارانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە جۆری یاساکان هیزی یاسادانان لە کۆمەلگادا، چەندێک بەهای یاسادانان و پابەندی یاسایی لە کۆمەلگادا نزم بێتەوە ئاستی گەندەڵی ئابووری بەرز دەبێتەوە،

هەروەها کە چەندێک فەرهەنگ و ڕۆشنبیری کۆمەلگا لە بەرەنگاربوونەوەی گەندەلی ئابووری بەرزتر بێت هێندە ئاستی گەندەلی ئابووری نزم تر دەبێتەوە.

وەکو لە وەڵامی لیتوێژراواندا ڕوونبوەتەوە هۆکارەکان جۆراوجۆرن، واتە بە کۆی دەنگ لەسەر تاکە هۆکارێك کۆك نین کە بوبێتە هۆی سەرهەڵدانی گەندەڵی ئابووری تەنها لە دوو جێگەدا نزیك بوونەوە لە وەڵامەکان بەدیدەکرێت کە ئاماژەمان بۆ کرد . ئەم تێڕوانینە تاڕادەیەکی زۆر ڕەوایەتی هەیە، چونکە هەموو ئەو کەسانەی دەچێتە مامەڵەیەکی گەندەڵیەوە یەك جۆر پێداویستیی و بارودۆخ و گوزەران و ئامانجییان نییە، بە واتایەکی تر ئەو گەندەڵیەی لە لوتکە ئەنجام دەدرێت هەمان ئامانجی ئەو کەسەی نییە کە لە ئاستەکانی خوارەوە ئەنجامی دەدات، بەڵام لە کۆتاییدا هەردوولا لە مامەڵەی گەندەڵی تیوەگلاون.

کەواتە هۆکار و پاڵنەر کە لێرەدا بەمجۆرە کەوتووتەوە تەنها جیاوازی بیروڕای پسپۆری نییە، بەڵکو فاکتەرە خودی و بابەتییەکان و ئامانجەکانیش ڕۆڵ دەبینێ لە پشت ئەو پرۆسە و مامەڵەیەوە بۆیە پاڵنەرەکان، بەڵام بۆ ئەوەی ئێمە چوارچێوەکە بچوکتر بکەینەوە دەتوانین ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کە زۆرینەی ئەو هۆکارنە دەگەڕێێتەوە بۆ چوارچێوەیەکی گەورەتر کە هەموو بوارەکانی ژیان ئاراستە دەکات کە ئەویش " سیستەمی سیاسیە " لە کۆمەڵگای کوردی، زۆرجار گۆڕانی بنچینەی لە شێوازی فەرمانڕەوای وڵات کاریگەری لەسەر دووبارە بونیادنانەوەی کۆمەڵگا هەیە، کەدەکرێت هۆکاری سەرەکی بێت بۆ کەمکردنەوەی گەندەڵی ئابووری، لەم ڕووەو نمونەی زۆر وڵات هەن وەکو ( سنگافورە، مالیزیا، ئیمارات ).

**تەوەری سێیەم: سەبارەت بە پرسیاری سێ، لە پەیوەندییدا بە " گەندەڵی ئابووری و لێکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی لە کۆمەڵگای کوردیدا ؟**

هەندێ لێکەوتەی کۆمەڵایەتی لە ئاستی کۆمەڵگادا زیاتر دەردەکەوێت و مەترسییەکی گشتگیر دروست دەکات و هەندێکی تریش بەرکەوتەی کەسی و کەرتێکی دیاریکراو دەکاتە ئامانج، لەم ڕووەو ڕای لێتوێژراوان بەمشێوەیەیە؛ بەکۆی گشتی لێتوێژراوان ڕاییان وایە لەسەر ئاستی گشتی کاریگەری لەسەر " بەها و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا دەکات " بەجۆرێك بەروە ئاراستەی خراپی دەبات، یان گۆڕان لە هەندێ بەها دەکات و بەهای تر دروست دەکات. هاوکات زۆرینە ئاماژە بەوە دەکەن کە " نایەکسانی و نادادی و نایەکسانی داهات " دروست دەکات . هەروەها " بڵاوبونەوەی ڕەشبینی و بێ ئومیدی " ڕای زۆرینەی لەبارەوە خراوەتەڕوو .

سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئاستی تایبەتی و کەسی لێتوێژراوان بیروبۆچوونی تریان خستوەتەڕوو وەکو دەبینین ( د.نیاز ) لە ڕووی ئابووری وایدەبینێ کە گەندەڵی ئابووری دەبێتەهۆی " زیادکردنی بێکاری ڕۆپۆشکراو ، خۆدزینەوەی بازرگانەکان لە پێدانی گومرگ و باج، دەوڵەمەندە دەوڵەمەندتر دەکات و داهاتی باجیش کەمدەکاتەوە، داهاتی گشتیی (وەك نەوت) ون دەکرێت، هاوکات بەهۆی بیرۆکراتە هەڵپەرستەکانەوە متمانە بە بڕیارەکانی حکومەت لاوازدەبێ، پڕکردنی گیرفانی کەسێك بەرانبەر بە کڕینی ئازادیی، تێڕوانینێکی گشتیی یەکگرتوو دروست نابێ، میکانیزمی هەڵبژاردن دەکات بە ئامرازی کۆنترۆڵکردن " .

هەروەها ڕوانگەی یاسایی لەم ڕووەو لەوەڵامی (د.هیمن ) دەخەینەڕوو کە ئاماژە بەوەدەکات گەندەڵی ئابووری دەبێتەهۆی " گەندەڵی ئابووری سەرەکێشی بۆ گەندەڵی کارگێڕی بۆ گەندەڵی سیاسی و گەندەڵی ئەخلاقی، کە هەر سێکی لە هەرێمی کوردستان بوونی هەیە ...ئەو پێ وایە خەریکە گەندەڵی جێگەی سیستەم دەگرێتەوە واتە حکومەت دەبێتە یەکەیکی گەندەڵکار و کۆی سیستەم ( کارگێری، سیاسی، دارایی ) بگرێتەوە ".

سەبارەت بە ڕوانگەی کۆمەڵناسی ( د. توانا ) وایدەبینێ، کە گەندەڵی ئابووری لێکەوتەی زۆرە لە گرنگترینییان وەکو " تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی، تێکچونی ژیانی ئابوری خێزانی، زۆربوونی کێشە خێزانیەکان و، لێکترازانی خیزانی، زۆربونی کێشەی دەروونی تاکی کۆمەڵگا " خۆکوشتن" و بڵاوبوونەوەی نەخۆشی دەروونی و، داتەپینی بازار، کەمبوونی پێدانی موچە " .

لە ڕوانگەی سیاسییەوە (د. فاروق) لەم کارەدا دەبینیتەوە وایدەبینی کە لێکەوتەکانی گەندەڵی بریتییە لە " زیادبوونی بێباکی لە نێوان تاکەکاندا ئەمەش سەردەکێشی بۆ دەمارگیری و توندڕەوی، بڵاوبوونەوەی تاوان، نایەکسانی لە دەرفەتی کار ، لەدەستدانی بەهای کارکردن، گرنگی نەدان بە مافی گشتی، هەستکردن بە زوڵم، ناکۆکی و ڕق و کینە لەنێوان چین و توێژەکان، دروستبوونی ناجێگیری کۆمەڵایەتی " .

هەروەها بۆ زانینی لێکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی گەندەڵی ئابووریی (د.محمد) کە خاوەنی ڕوانگەی کارگێرییە لەم کارە پێی وایە، کە گەندەڵی ئابووری دەبێتەهۆی " بێ متمانەی بەرانبەر یەکە کارگێرییەکان، کوشتنی توانای جدی لە دام ودەزگاکان، بڵاوبوونەوەی ڕۆتینی زیاتر، لاوازبوونی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و کاریگەریی لەسەر پەروەردە و سیستەمی پەروەردە دەبێت، بەجۆرێك نەوەیەك دروست دەبێت کە داهاتووی خۆی نازانێ و دوور دەکەوێتەوە لە بنەما ئاینی و کوردەوارییەکان" .

بە بەڕوای (د. کاروان) لەناو کۆمەلگادا بەهۆی گەندەڵی ئابوریەوە چەندین لێکەوتەی ترسناک بەجێدەمینن لەوانە (نەمانی متمانە، بەرزبونەوەی ئاستی هەژاری، نەمانی چینی ماناوەند، بەریەککەوتنی چینەکانی کۆمەلگا، کەمبوونەوەی ئاستی کار، زۆربوونی بێکاریی، بەرزبونەوەی ئاستی تەڵاق و کێشە خیزانییەکان، بێئومیدی تاک، نەمانی بەهای خویندن و زانین).

بە بەڕوای (د. ماجد) لێکەوتەکانی بریتین لە زیادبوونی جیاوازی چینایەتی، زۆربوونی بێکاری و هەژاری، بڵاوبونەوەی بێکاری، دروستبونی سەرمایەداری هەڵتۆقیوی نانیشتمانی، زیادبوونی کۆچ بۆدەرەوە. فەرامۆشکردنی کەرتی کشتوکاڵ وبەرهەمی ناوخۆ، بەهەدەردانی سەروەتی نیشتمانی، پەککەوتنی پەرروەردە.

وەکو لە پێشودا ئاماژەمان پێیدا تایبەتمەندی گەندەڵیەکە لێکەوتەکەشی دیاری دەکات بەڵام مەترسی گەورە لەوەدا کاتێك پریشکی گەندەڵی ئابووری بەر گشتی دەکەوێت یان بڵێن بەر زۆرینەی زۆری کۆمەڵگا دەکەوێت، وەکو لە وەڵامەکاندا لەسەر ئاستی گشتی ئاماژەی بۆکراوە لە هەندێکیدا بە کۆی دەنگ و هەندێکی تر ڕای زۆرینە دەردەکەوێت

کە گەندەڵی ئابووری لێکەوتەی لەسەر هەریەك لە (بەها، داب و نەریت ، هەژاری ، كۆچ، بێكاریی، تەڵاق، نایەكسانی و نادادی، بڵاوبونەوەی ڕەشبینی و بێ ئومیدی) هەیە.

لەڕاستیدا تایبەتمەندی و ئاراستەکردن و ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی هەموو کۆمەڵگایەك وابەستەی کۆمەڵێك بەها و پێوەر و داب و نەریتی تایبەتی ئەو کۆمەڵگایەیە، لە کاتێکدا گەندەڵی ئابووری بەر ئەو بنەما گرنگانەی کۆمەڵگا بکەوێت، واتە مەترسی لەسەر تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگایە هەیە " کۆمەڵگای کوردی"یش لەنێویدا، ئەمە لەئاستی گشتییەوە سەردەکێشێ بۆ هەموو تاکی کۆمەڵگای کوردی چونکە بنەما و چوارچێوەی ڕەفتار و ئاکار و ئاراستەکردنی ژیانی هەموو تاکێکە.

لە پەیوەندییدا بە دیاردەکانی " هەژاری و كۆچ و بێکاری و تەڵاق " هەریەك لەو دیاردانە جگە لە تەڵاق ڕەنگە کەمتر بچێتە ژێر باری ئەم شرۆڤەیەوە کە نیشانەی ئاستی خۆشنودی هەر کۆمەڵگایەکە، چونکە لە هەرکۆمەڵگایەك بە کۆمەڵگای کوردیشەوە ئەو دیاردانە بەو ئاستە بەرزە ڕای لەسەربوو کەواتە لەئاستێکی خراپیی گوزەران وخۆشنودیدان و دەچنە پۆلێنی کۆمەڵگا هەژارەکانەوە، لەسەر ئاستی گشتی و لەسەر ئاستی تایبەتیش گرێدراوی چەندان کێشەی خێزانی ترن بەپێ تایبەتمەندی کەس و ئەندازەی بەرکەوتنەکە.

سەبارەت بە تەڵاق لەباری گشتی و تایبەتی بەپێی تێگەشتنی کۆمەڵگاکە و لەکۆمەڵگای کوردی هۆکارە بۆ تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەمە تێڕوانینە دەگۆڕێ بەپێی تایبەتمەندی کۆمەڵگاکان ..هاوکات لە پەیوەندیدا بە نایەکسانی و نادادی ، هۆکارێکە بۆ زیاتر تەشەنەسەندنی جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگای کوردی و بڵاوبوونەوی ڕق و کینەی زیاتر لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگا و بیرکردنەوەی لە کاری تاوانکاری بەتایبەت لای چینە پەراویزخراوەکان، بەمەش بۆشایەکی گەورە لە نێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگا دروست دەبێت و لەکۆتایدا سیستەم و ژیانی کۆمەڵایەتی دەکەوێتە بەردەم هەڕەشەوە.

سەبارەت بە " بڵاوبوونەوەی ڕەشبینی و بێ ئومیدی " ئەوەی لە هۆکارەکان لە ئاستی گشتی و ئاستی تایبەتی لای لێتوێژراوان خرایەڕوو هۆکارن بۆ دروستکردنی ئەو ڕەشبینی و نائومیدییە، کە دۆخی لێکەوتەی گەندەڵی ئابووری وەها بوو، بەگەڕخستنی توانای ئەقڵی و جەستەی مرۆڤ بەرەو لاوازی دەڕوات.

**تەوەری چوارەم: سەبارەت بە پرسیاری چوارەم، لە پەیوەندیدا بە " میکانزمێکی گونجاو بۆ ڕووبەڕووبونەوەی " گەندەڵی ئابوری " لە کۆمەڵگای کوردیدا ؟**

لە پەیوەندیا بە میکانیزمی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی ئابووریی لە کۆمەڵگای کوردییدا هەرچەند ڕای جیاواز و جۆراوجۆرمان لە وەڵامی چاوپێکەوتنەکانەوە چنگ کەوتووە، بەڵام بۆ چەند میکانزمێك ڕای هەمووان و بۆ هەندێکی تریش ڕای تایبەتی بابەتەکە خراونەتەڕوو.زۆرینەی لێتوێژراوان لەو باوەڕەدان باشترین میکانیزم وەک ستراتیج بریتییە لە (کاراکردنی پەرلەمان و زیاتر ڕۆڵگێرانی و کاراکردنی دام ودەزگای چاودێری فەرمی بۆ لێپرسینەوە و گرنگیدانی

ڕاگەیاندنەکان بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و مەترسی لەسەر دیاردەکە. دواتر بوونی نیەتی جدی و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی حزبی و سیاسی لە بەڕیوەبردن) .

هەریەکە لەو لێتویژراوانە چەند میکانیزمێکی تریان لە ڕوانگەی تێگەشتنی خۆیانەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەکە خستوەتەڕوو وەکو ڕای ( د. نیاز –ئابوری ) پێی وایە " کەمکردنەوەی ڕۆتین ، بە ئەلەکترۆنیکردنی کاروبارەکان، فراوانکردنی ڕۆڵی کەرتی تایبەت بەڕێوشوینی خۆی ، ڕێزگرتن لە یاسا و چەسپاندنی " .

بە بەڕوای ( د.هیمن –یاسایی ) وایدەبینی ئەم میکانیزمانە گرنگە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دیاردەکە کە ئەوانیش " بوونی دەستور کاریگەری هەیە لەسەر کەمکردنەوەی گەندەڵی ( ئەرك و ماف و دەسەڵات دیاریدەکات)، بوونی بودجە سالانە ڕێکخستی خەرجی و داهات، ڕێکخستنەوەی یەکە کارگێرییەکان، ئاشکارکردنی سەرمایەی کەسێك پێش پۆست و دوای وەرگرتن " .

بە بەڕوای کۆمەڵناسیانەی (د. توانا ) لەڕووبەڕووبوونی دیاردەکە بەمجۆرە هاتووە " لیپرسینەوە لە حکومەت و لە داهات و خاڵی سنوری و گومرکی بکرێت " . هەروەها ( د.فاروق – سیاسی ) وایدەبنێ کە باشترین میکانیزم خۆی دەبنێتەوە لە " دانانی سزا بەتوندی و یاسا و ڕێساکان شەفافتربن، بابەتی شەفای گرنگە، پێدانی ڕۆڵی گەورە بەدامەزراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی کە بەشداربن لە ئاشکراکردن و خستەڕووی گەندەڵی، جەختکردنەوە لەسەر لایەنی ئەخلاقی و بەها کۆمەڵایەتی و رۆحی و ئاینیەکان بۆ ئەوەی ڕاستگۆی تاك زیاتربێت، هاوکاری نێودەوڵەتی و ئەقلانیەت لە بریاردان " .

تێڕوانی ڕوانگەی کارگێڕی لای ( د.محمد ) بەمجۆرە هاتووە" جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە لەیەکتر، هاوکات چاکسازی تەواوەتی لە یەکە کارگێڕی و بەڕیوەبردن بەجۆرێك ڕۆتین کەمبکرێتەوە و دەسەڵاتەکان دابەزێنرێت بۆ یەکە کارگێڕییەکانی خوارەوە ...پەیرەوکردنی سیاسەتی پاداشت و سزا ..هەروەها هۆشیارکردنەوەی خەڵکی لە ڕێگەی کەسانی ئاینی و دام ودەزگاکانی کۆمەڵگای مەدەن " .

بەبڕوای(د. ماجد) بڕینەوەی دەستی حزب لەحکومەت، لاوزاکردنی هەواڵگری وڵاتانی دراوسێ و توندوتۆڵکردنی چاودێری سنوورەکان و کوالێتی کۆنترۆڵ و بایەخدان بە کەرتی تەندروستی و پەروەردە.هەموو ئەمانە ستراتیجی پێشنیارکراوون بۆ سنووردارکردنی دیاردەکە.

بە بڕوای (د. کاروان) ڕێکخستن و دەرکردنی یاسای دروست و بەهیز بۆ ڕووبەرووبونەوەی گەندەلی ئابوورىو بەرزکردنەوەی ئاستی جیبەجێکاری یاساکان و بەهیزکردنی دەستەی دەستپاکی و سزادانی لایەنی پەیوەست بە و دیاردەیە، ڕیکخستنی سیستەمی بانکی و سەرچاوەی داهات و خەرجی بە شیوە شەفاف، ڕەخساندنی بازاری ئازادو هەلی کاری بەرفراوان، چالاککردنی دادگا و دادوەری گشتی بۆ لێپرسینەوە و بەدواداچوون، بەهادان بە بەها مرۆییەکان و ، بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاک، بونیادنانی فەرهەنگی بەرەنگاری دیاردەی گەندەڵی لەناو کۆمەلگا لەسەر ئاستی تاک و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکان.

بەگشتی ئەوەی لە ڕای لێتویژراوان ( پسپۆران ) لەسەر ئاستی گشتی خراوەتەوە ڕوو پێیان وایە کە گەندەڵی ئابووری وەکو دیاردەیەکی مەترسیدار کە بوونی هەیە لە کۆمەڵگای کوردییدا میکانیزم هەیە بۆ ڕووبەڕووبنەوەی لەوانە کە هەمویان هاوڕان لەسەر "کارکردنی پەرلەمان و زیاتر ڕۆڵگێڕانی " پەرلەمان کوردستان و هەر پەرلەمانێك بەوپێیەی نوێنەرایەتی گەلە لە چوارچیوە گەورەکەدا بۆیە دەبێت شوناسی خۆی بزانی، هەربۆیە مەبەست لەکاراکردنی پەرلەمان، گێڕانەوەی ڕۆڵی سەرەکی پەرلەمانە لێرەدا کە خۆی دەبینێتەوە لە داڕشتنی یاسای باش و گونجاو کە ئەرك و ماف دیاری بکات و دیاردەکانی کۆمەڵگا بەهەند وەرگرێت. هاوکات لەگەڵ کارابوونی وەکو دەزگایەکی چاودێر و بەدواچوون بەسەر حکومەت و دام و دەزگا گشتیەکانەوە، بەڵام نابێ بەپێی داواکاری سیاسیەکان و حکومەت هەنگاو بنێت، بەڵکو دەبێت لە گەورەترین ئاستی بەرپرسیارییەتی ئامادەی پەرلمان بێت بۆ لێپرسینەوە و پرساندن لەسەر دۆسیە ناڕونەکان و گرێیەستەکان . سەبارەت بە " کاراکردنی دام ودەزگای چاودێری فەرمی بۆ لێپرسینەوە " ئەو دەزگایەنە کە لەڕووی شوناسی کاراکردنەوەی ئەرکی چاودێری و بەدواداچونیان لەسەر بەرپرس و کەسانی ناو یەکە کارگێڕییەکان هەیە، پێویستە لە ئاست دیسپلینگ و ئەرکەکەیان بن، لاوازی ئەو دەزگایانە لە نمونەی " دەستەی دەست پاکی و داواکاری گشتی و دەزگای چاودیری داریی " دەرفەتی گەندەڵی ئابووری زیاتر دەکات، چونکە لیپرسینەوە ناهێڵێت و مامەڵە و دەسکراوەی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی زیاد دەکات.

لە پەیوەندیدا بە " گرنگیدانی ڕاگەیاندنەکان بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و مەترسی لەسەر دیاردەکە " وەکو ڕوونە بواری ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگای کوردییدا دابەشکارییەکی ڕوونی پێوە دیارە بەسەر حیزبەکان و کەسەکان و لایەنەکان جۆرێك لە ناڕوونی تێکەڵی بەدیدەکرێت، دەبێتە هۆی ئەوەی پەیامی میدیا وەکو خۆی نەگات بە وەرگر، بەوپێیەی لە دنیای ئێستادا کاریگەری میدیا زۆرترین کاریگەری لە ئاڕاستەکردنی بینەرەکانی هەیە، هەربۆیە دەکرێت میدیای نیشتمانی دوور لەدەستی حیزبی دروست بکرێت لەلایەك، لەلایەکی ترەوە ئەو میدیایانەی کە خۆیان بەمیدیایی ئۆپۆزسیۆن و ئازاد دەزانن ڕاپۆرتی بنکۆڵکاری جدی بخەنەڕوو و تەنها کار لەسەر سۆزی بینەر نەکەن، بەڵکو ڕوانگەی ڕاستەقینەی دیاردەی گەندەڵی ئابووری پیشانبدەن و لە چوارچیوەی خزمەتی گشتیدا بیخەنەڕوو .

دواجار لە پەیوەندیدا بە " بوونی نیەتی جدی و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی حیزبی و سیاسی لە بەڕێوەبردن " ئەوەی ڕوونە ئەو کەسانەی کە دەچنە پلە حکومیەکانەوە لایەنگیری حیزبێکی دیاریکراون لە هەرێمی کوردستان ، وەکو لێتوێژراوان ئاماژەیان پێداوە، مەترسی ئەم دیاردەیە کاتێك دەردەکەوێت کە ئەو کەسانە لەبەرژەوەندی حیزبی و کەسانی حزبی کاربکەن و بەرژەوەندی حزبی پێش بەرژوەندی گشتی بخەن.

**دەرئەنجامەکان**: بۆ خستنەڕووی دەرئەنجامەکان تەنها ئەو دەرئەنجامانە لێرەدا دەخەینەڕوو کە ڕای لێتوێژراوانی لەسەر کۆکە یان بڵێن وەڵامی دووبارەی ناو چاوپێکەوتنەکەیە لای لێتوێژراوان:

١. لێتوێژراوان ڕایان وایە، کە گەندەڵی ئابووری لە کۆمەڵگای کوردی بوونی هەیە و زیاتر لەشێوەی " بەرتیل و واسیتە " بەدیار کەوتووە. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ لایەنی تیۆرییەکەماندا تەبایە ئامانجەکانی توێژینەوەکەی جێبەجێ کردووە.

٢. لەڕووی جۆرەکانی گەندەڵی ئابوورییەوە: لێتوێژراوان لەو باوەڕەدان، کە گەندەڵی ڕێکخراو لە کۆمەڵگای کوردی بوونی هەیە، هەروەها لەدوای ئەو جۆرە کە گەندەڵی کارگێری لە کۆمەڵگای کوردیدا بە پلەی دووەم دێت . ئەمە سەرەڕای ڕای پسپۆری جیاواز لە دیاریکردنی هەندێ جۆری تایبەت بە پێیی پسپۆرییان.

٣. سەبارەت بەهۆکارەکانی گەندەڵی ئابووری: بەپێی وەڵامی چاوپێکەوتنەکە هۆکار و پاڵنەرەکان جۆراوجۆرن بەپێی تێڕوانین و پسپۆرییان، بەڵام زۆرینەی وەڵامەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ چوارچێوەیەکی گەورەتر ، کە هەموو بوارەکانی ژیان ئاراستە دەکات کە ئەویش " سیستەمی سیاسیە " لە کۆمەڵگای کوردی. ئەم ئەنجامەش لەگەڵ تیۆری ئەخلاقی و ناپێوەری تەبایە کە لە ئەنجامی دۆخی ئەنۆمییەوە پەشێوی دروست دەبێت بە بوونی پەشێوی سیاسی پەشێوی لە کایەکانی تری کۆمەڵگە ڕوودەدات وەکو تیۆری بونیادی وەزیفی جەختی لەسەر دەکاتەوە.

٤. لەڕووی لێکەوتەی گەندەڵی ئابووری لەسەر لایەنی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگا: بەکۆی گشتی لێتوێژراوان ڕاییان وایە لەسەر ئاستی گشتی کاریگەری لەسەر " بەها و داب و نەریتەکانی کۆمەڵگا دەکات " بەجۆرێك بەروە ئاراستەی خراپی دەبات، یان گۆڕان لە هەندێ بەها دەکات و بەهای تر دروست دەکات. هاوکات زۆرینە ئاماژە بەوە دەکەن کە " نایەکسانی و نادادی و نایەکسانی داهات " دروست دەکات . هەروەها " بڵاوبونەوەی ڕەشبینی و بێ ئومیدی " ڕای زۆرینەی لەبارەوە خراوەتەڕوو . ئەمە سەرەڕای ئەوەی لەسەر ئاستی تایبەتی و کەسی لێتوێژراوان ڕایتریان خستوەتەڕوو. ئەم ئەنجامەش بە تەواوەتی لەگەڵ هەردوو تیۆرەی بونیادی ئەرکگەرایی و تیۆری ناپیوەری یەکدێتەوە، کەواتە سەرباركردنی تیۆرەکان لە جێگەی خۆیدا بووە.

٥. لەڕووی میکانیزمی ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی ئابووریەوە: هەموو لیتوێژراوان وەڵامیان ئەوەیە کاراکردنی پەرلەمان و زیاتر ڕۆڵگێرانی و کاراکردنی دام ودەزگای چاودێری فەرمی بۆ لیپرسینەوە و گرنگیدانی ڕاگەیاندنەکان بە بڵاوکردنەوەی زانیاری و مەترسی لەسەر دیاردەکە و بوونی نیەتی جدی و دوورخستنەوەی دەسەڵاتی حیزبی و سیاسی لە بەڕیوەبردن. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەریەکە لەو لیتویژراوانە چەند میکانیزمێکی تریان لە ڕوانگەی تێگەشتنی خۆیانەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دیاردەکە خستوەتەڕو.

**ڕاسپاردەکان:** لەدوای خستنەڕووی دەرئەنجامەکان، توێژەران ڕاسپاردەی توێژینەوەکەیان ئاراستەی لایەنی پەیوەندیدار دەکەن کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە بۆ ڕێگریکردن لەم دیاردەیە و ڕووبەڕووبونەوەی گەندەڵی ئابووری و هەموو جۆرەکانی. جیالەوەش :

١. پێویستە حکومەتی هەرێم یاسا و ڕێساکانی توند بکاتەوە و تاوانباران بە سزا بگەیەنێت تاوەکو ڕیگری لە دیاردەکە بکات.

٢. دەبێت ڕێکرخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە ڕژد کار بکەن بۆ بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی لەسەر مەترسی ئەم دیاردەیە.

**پێشنیازەکان:** دوای خستنەڕووی دەرئەنجام و ڕاسپاردەکانیش، توێژەرەان پێشنیاز بۆ توێژەرانی دوای خۆیان دەکەن:

١.توێژینەوەی دیکە لەسەر دیاردەی گەندەڵی بەگشتی بکەن و لە ڕێگەی بەکارهێنانی پێوەرنامە و بەشێوەیەکی چەندایەتی ئەو کارە بکەن.

٢. توێژینەوەی تیۆری و شیکاریی لەسەر هەمان بابەت بە ئەنجام بگەیەنن.

٣.توێژینەوە لەسەر پەیوەندیی گەندەڵی ئابووری بە دەسەڵاتی سیاسییەوە ئەنجام بدەن.

**لیستی سەرچاوەکان:**

**یەکەم/ سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

**١.** توانا فریدون حسین (٢٠٢٠) ڕۆڵی گەندەڵی پیشەی لە بەفیڕۆدانی دەرامەتە مرۆییەکاندا – توێژینەوەیەکی مەیدانیە لە هەرێمی کوردستان – عیرَاق ، ( تێزی دکتۆرا) کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سلێمانی.

٢. عەبدوڵڵا جەبار (٢٠٠٧) ، فەرهەنگی شارا ، (عەرەبی –کوردی ) ،لە بڵاوکردنەوەی خانەی چاپ و پەخشی ڕینما ، چ ١ ، سلێمانی.

**دووەم/سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

١. أبو سكين، حنان (٢٠١٥) مفهوم الفساد : المجلة الاجتماعية القومية، المجلد الثاني والخمسون، العدد الثاني، القاهره، ص ص ١٤٩-١٦٢.

٢. بوسعيود، سارة (٢٠١٣) دور إستراتيجية مكافحة الفساد الاقتصادي في تحقيق التنميـة المستدامـة - دراسة مقارنة بين الجزائر وماليزيا . (رسالة الماجستير)، كليـــــة العلـــوم االقتصاديـــــة والتجارية وعلـــــوم التسيير ، جـــــــامعة فرحـــــــــات عبـــــاس سطيـف، الجزائر.

٣. الجابري، عبد الله بن حاسن (٢٠٠٣) الافساد الاقتصادي (أنواعه- أسبابه- آثاره وعلاجه) من بحوث المؤتمر العالمي الثالث للاقتصاد الإسلامي، جامعة أم القرى، مكة المكرمة، المملكة العربية السعودية.

٤. حميد, هند محمود (٢٠١٨) الفساد (تعريفه وخصائصه ، أسبابه ، مظاهره ، طرق مكافحته )، مجلة العلوم السياسية، عدد ٥٥ ، العراق، ص ص ٣٨٩-٤٠٦.

٥. الدالي، شيماء عبد العزيز عبد الباسط (٢٠١٨)تحليل سيسولوجي لأسباب إنتشارالفساد الإداري ببعض مؤسسات الدولة – دراسة ميدانية بمحافظتي الجيزة والغربية، التربية (الأزهر): مجلة علمية محكمة للبحوث التربوية والنفسية،المجلد ٢٠١٨، العدد ١٨٠، ج. ٢ ، القاهره، ص ص. ٧١١-٧٤٧، ٣٧.

٦. عبدو ،حمد جمعة (٢٠١٩) الفساد : أسبابه و ظواهره اثاره و الوقاية منه ، دار الكتب الوطنية – بنعازي –ليبيا.

٧. عماد بوروح، (٢٠٢١) قراءة سوسيولوجية لظاهرة الفساد الإداري داخل التنظيمات، مجلة سوسيولوجيون،المجلد: الثاني، العدد: ٠١ ، الجزائر: ص ص٩٥-١١٣.

٨. الغانمي، نزار عبد االمير تركي و الخزرجى ، حمد جاسم محمد (٢٠١٧) ، الفساد المالي والإداري ودوره في تحجيم االقتصاد العراقي بعد االحتالل المريكي للعراق عام (٢٠٠٣ )، المؤتمر العلمي السنوي الثالث عشر لكلية القانون، مركز الدراسات الاستراتيجية – جامعة كربلاء.

٩. الفتلي ، إيثار عبود كاظم (٢٠٠٩) الفساد الإداري والمالي وآثاره الاقتصادية والاجتماعية في بلدان مختارة، ( رسالة الماجستير) كلية الإدارة والإقتصاد، جامعة كربلاء.

١٠. كناي، نورالدين (٢٠١٣) آثار الفساد االقتصادي على االقتصاد الوطني - سبل الوقاية و العالج ، دراسة اقتصادية تحليلية ،حالة الجزائر، الفترة ما بين ٢٠٠٠-٢٠١٢ ، قسم العلوم االقتصادية - فرع التحليل االقتصادي ، كلية العلوم االقتصادية و علوم التسيير ص ص ٤ -٩-١٠.

١١. محمد نجم على الطالباني (٢٠١١) ، الفساد الاداري و المالي في اقليم كردستان العراق– انواعه و اسبابه و سبل مكافحته، مطبعة روون، السليمانية.

١٢. المحمودي، محمد سرحان علي (٢٠١٩)مناهج البحث العلمي، مكتبة الوسيط للنشر و التوزيع، صنعاء.

١٣. مسعود، راضية (٢٠١٩) الآثار الإقتصادية و الإجتماعية للفساد المالي في الجزائر و إستراتيجيات مكافحته ، مجلة جيل الأبحاث القانونية المعمقة العدد ٢٩، لبنان، ص ص٨٥-١٠٩.

١٤. هاشم مصطفى محمد سالم الجمل، الفساد الاقتصادي وأثره على التنمية في الدول النامية وآليات مكافحته من منظور الاقتصاد الإسلامي والوضعي، مجلة كلية الشريعة والقانون بطنطا، القاهرة، ص ص ٥٤٢-٥٤٣.

**سەرچاوە ئەلیکترۆنییەکان:**

١.زوبێر، بژار .(٢٠٢٢). لە رێکەوتی ٢٠٢٤/٥/٦ وەرگیراوە لە ماڵپەڕی https://www.rudaw.net/sorani/business/٢٥٠١٢٠٢٢٣

٢. قەڵەم، دەستەی دەستپاکیی هەرێم: گەندەڵی زیادیکردووە، لە رێکەوتی ٢٠٢٤/٤/٢٢ وەرگیراوە لە ماڵپەڕی https://qallam.net/posts/١٣٧٢٥

## پاشكۆكان

### پاشكۆی (١)

### ناوی لێتوێژراوان و پسپۆڕییەکەیان ڕووندەکاتەوە

| ژ | ناو | پلەی زانستی | پسپۆڕی | شوێنی كار |
|---|---|---|---|---|
| ١ | د. نیاز نەجمەدین | پ. یاریدەدەر | ئابووری | زانكۆی سلێمانی |
| ٢ | د. هێمن عەبدولا | پ. یاریدەدەر | یاسا | زانكۆی هەڵبەجە |
| ٣ | د. توانا فەرەیدون حسێن | پ. یاریدەدەر | كۆمەڵناسی | زانكۆی سلێمانی |
| ٤ | د. ماجد خەلیل فەتاح | پ. یاریدەدەر | مێژوو | زانكۆی سلێمانی |
| ٥ | د. كاروان عەبدوڵڵا | پ. یاریدەدەر | ڕاگەیاندن | زانكۆی سلێمانی |
| ٦ | د.فاروق عەبدول | مامۆستا | سیاسە | زانكۆی سلێمانی |
| ٧ | د. محمد نجم علی | مامۆستا | كارگێری | خانەنیشین |

### پاشكۆی (٢)

### پرسیارەکانی چاوپێکەوتنەکە دەخاتەڕوو

یەکەم: ئایا هەست بەبوونی دیاردەی گەندەڵی ئابووری لە کۆمەڵگای کوردیدا دەکەیت؟ دەتوانییت ئاماژە بۆ جۆرەکانی ئەم دیاردە لە کۆمەڵگای کوردییدا بکەیت؟ کام جۆرە پانتایەکی زۆری داریکردووە لە واقیعی ژیانماندا؟

دووەم: لەڕووی هۆکار و پاڵنەرەکانەوە وەکو لە ئەدەبیاتی تیۆریی دیاردەکەدا هاتووە گەندەڵی ئابووری گەلێك هۆکار هەن بۆ سەرهەڵدان و دروستبوونی بەگشتی، بەبڕوای تۆ کامانەن ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی پەیدابوونی گەندەڵی ئابووری لە کۆمەڵگای کوردیدا؟

سێیەم: لێکەوتەکانی گەندەڵی ئابوری کە لە سەرچاوە و تیۆرەکاندا خراونەتەڕوو پەلیهاوێشتووە بۆ زۆر بواری ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ ، بەڕێزت چۆن لەلێکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی گەندەڵی ئابوری دەڕوانی؟

چوارەم :سەرەڕای خستنەڕووی چەند میکانزم و ستراتیژی جیاواز لەسەر ئاستی تیۆریی و ئەزموونی وڵاتان ئایا تۆ چی میکانزمێك وەکو ستراتیژ بە گونجاو دەزانی بۆ ڕووبەڕووبونەوەی " گەندەڵی ئابوری " لە کۆمەڵگای کوردیدا؟

**ملخص:**

الفساد الاقتصادي شائع نسبيا في جميع المجتمعات، ولكن تختلف أسبابه ودوافعه وأنواعه من مجتمع إلى آخر، فتأخذ آثاره وعواقبه اتجاهات مختلفة. تهدف هذه الدراسة إلى التعرف على أنواع وأساليب وأسباب ودوافع الفساد الاقتصادي في العالم بشكل عام وفي إقليم كوردستان- العراق بشكل خاص. كما وتهدف الدراسة إلى التعرف على الآثار الاجتماعية للفساد الاقتصادي على المجتمع الكوردي وتقديم استراتيجيات مقترحة للحد من ظاهرة الفساد الاقتصادي.

منهجية الدراسة: ومن حيث اساليب الدراسة تعد هذه الدراسة من الدراسات النوعية حيث تم استخدام المنهج الوصفي لأنه يتناسب لطبيعة هذا الدراسة، وتم استخدام المقابلات كأداة لجمع البيانات.

عينة الدراسة: اعتمدت الدراسة على المقابلة مع مجموعة من أساتذة الجامعة وخريجي الدراسات العليا، و بلغ عددهم (٧) خبيرا في تخصصات المختلفة (الاقتصاد، الإعلام، التاريخ، السياسة، علم الاجتماع، القانون و الإدارة).

نتائج الدراسة: توصلت الدراسة الى نتائج عدة منها ان الفساد الفساد الاقتصادى والفساد المنظم موجود و منتشر في المجتمع الكوردي ويتجلى على أكثر في شكل "الرشوة والوساطة"، و ان الفساد يؤثر سلبا على القيم و تغيرها وخلق قيماً جديدا أخرى تحل محلها مثل ( قيم الظلم وعدم المساواة) في الدخل، و ان دور مجلس النواب والمؤسسات الرقابية الرسمية الخاصة بلمسائلة والعدالة و كذالك دور الإعلام و عمل الجاد ونوايا الصادقة الى جانب إبعاد السلطة الاحزاب في الإدارة المؤسسات الحكومية، تشكل الاستراتيجيات و الآليات مناسبة للحد من هذة الظاهرة والقضاء عليها.

**:Abstract**

Economic corruption is relatively common in all societies, but its causes, motives, and types differ from one society to another, so its effects and consequences take different directions. This study aims to identify the types, methods, causes and motives of economic corruption in the world in general and in the Kurdistan Region - Iraq in particular. **The study also aims** to identify the social effects of economic corruption on Kurdish society and provide suggested strategies to reduce the phenomenon of economic corruption.

**Study methodology:** In terms of study methods, this study is considered a qualitative study, as the descriptive approach was used because it suits the nature of this study, and interviews were used as a tool for collecting data.

sjh@univsul.edu.iq

**Study sample:** The study was based on interviews with a group of university professors and graduates of postgraduate studies, the number of whom was (٧) experts in various specializations (economics, media, history, politics, sociology, law and administration).

**Results:**

The study reached several results, including that corruption, economic corruption, and organized corruption exist and are widespread in Kurdish society, and are most evident in the form of "bribery and mediation," and that corruption negatively affects values, changes them, and creates other new values to replace them, such as (the values of injustice and inequality). In income, the role of the House of Representatives and the official oversight institutions for accountability and justice, as well as the role of the media, hard work and sincere intentions, in addition to removing party power from the management of government institutions, constitute appropriate strategies and mechanisms to reduce and eliminate this phenomenon.